# ڕاڤەی هۆنراوەی (بەیقونی)

# لە زانستی فەرموودەدا

- ناوی كتێب: ڕاڤەی هـۆنراوەی (بەیقـونی) لە زانسـتی فەرموودەدا
- بابەت: شیكردنەوە
- نووسەر: طه عمر محمد بن فتوح البیقوني
- وەرگێڕانی: سەرباز محمد حسن
- پیت چنین: عبدالسلام هەولێری
- نەخشەسازی: نووسینگەی هیوا بۆ كۆمپیوتەر
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپ:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان

ژمارە سپاردنی (        )ی ساڵی (٢٠١٨)ی دراوەتێ

# ڕاڤەی هۆنراوەی (بەیقونی)

# لە زانستی فەرموودەدا

نووسینی:

طه عمر بن محمد بن فتوح البيقوني

وەرگێڕانی:

سەرباز محمد حسن

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الْحَمْدَ للَّهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِل فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

أَمَّا بَعْدُ:

خوای گەورە (عزوجل) دەفەرموێ: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ العنكبوت: ٤٣.

هەروەها (عزوجل) دەفەرموێ: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾﴾ الزمر: ٩

﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾ فاطر: ٢٨

هەموو ئەو ئایەتانە و دەیان ئایەتی تر کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە خوای گەورە باسی فەزڵ و گەورەیی زانستی کردووە، بۆیە داوامان لێدەکات (عزوجل) بەدوای شتێك نەکەوین کە زانستمان پێی نیە: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾﴾ الإسراء: ٣٦

زانایان دەفەرموون زانست (علم) سودبەخشە وەکو خۆی و هیچ زیانی تێدا نییە، نەزانینیش (جهل) وەکو خۆی زیان بەخشە و هیچ سودێکی تێدا نییە، گەورەیی و پلە و پیرۆزی زانست بە گەورەیی و پیرۆزی و پلەی بابەتەکەیەتی، لەدوای ئەو زانستانەی کە پەیوەندییان بەقورئانی پیرۆزەوە هەیە گرنگترین و گەورەترن زانست زانستی فەرموودەیە.

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لەنێوان ئێمە و خوای گەورەدایە، واتە: ئەو شەریعەتەی کە دەمانگەیەنێتە ڕەزامەندی خوای گەورە و دەمانگێڕێتەوە ئەو بەهەشتەی کە لێوەی هاتووین تەنها لە ڕێی پێغەمبەری خۆشەویستەوەیە (ﷺ)، ئەو پێغەمبەرەی کە خوای گەورە فەرمانی کردووە گوێڕایەڵیی بکەین و لەفەرمانی دەرنەچین، لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خۆشەویست و دەرنەچوون لە فەرمانەکانی دەمانخاتە چوارچێوەی ڕەحمەتی خوا، بۆیە (عزوجل) دەفەرموێ: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ١٣٢﴾ آل عمران: ١٣٢

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) شەریعەتی خوای گەیاندووە و ئەمانەتەکەی بەجێگەیاندووە و بەتەواوی ڕوونی کردۆتەوە، بۆیە خوای گەورە (عزوجل) هەڕەشەی لەو کەسانە کردووە کە لەفەرمانی دەردەچن، سبحانە وتعالی دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ النساء: ١١٥

ئێمە تەنها لە ڕێی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەگەینە ڕەزامەندی خوای گەورە (عزوجل)، وە تەنها لەڕێگای زانستی فەرموودەوەش دەگەینە

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ). گرنگی زانستی فەرموودە لەوەدایە پارێزەری پێغەمبەری خۆشەویستە (ﷺ)، ئەو زانستە تاکە ڕێگایە کە بەسەلامەتی دەمانگەیەنێتە پێغەمبەری خۆشەویست و بەو ڕەحمەتە دەمانبەستێتەوە.

ئەو شەریعەتە پاکەی ئەوڕۆ لەبەر دەستی ئێمەدایە لەڕێی ئەو زانستە پاکە و بەرزەوە بەئێمە گەیشتووە، بۆیە هەر چوار مەزهەب کۆڕا و یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە: ئەگەر فەرموودە ڕاست بوو ئەوە مەزهەبی ئێمەیە ( إذا صح الحديث فهو مذهبي).

ئەو کەسەی کە دیراسەی فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست دەکا (ﷺ) دەبێ ئاگاداری دوو خاڵ بێت:

**یەکەم:** ئایا پێغەمبەری خۆشەویستمان وای فەرمووە (ﷺ)؟ واتە هەر کە دەگوترێ پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) فەرمووی، دەبێ لەوە بکۆڵینەوە ئایا ڕاستە ئەوە قسەی پێغەمبەرە (ﷺ)؟ ئەوەش تەنها لەڕێی زانستی فەرموودە دەکرێ و سەیری ئەو کەسانە دەکرێ کە لە (ئیسناد/ ڕێگا)ی ئەو فەرموودەیە ناویان هاتووە و گێڕایتیانەوە، ئایا ئەو مەرجانەیان لێ هاتۆتەدی کە دەبێ لەو کەسانە بێتەدی کە فەرموودەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بەئێمە گەیاندووە؟

**دووەم:** ئایا ئەوفەرموودەیە بەڵگەی ئەو حوکمە شەرعیەیە کە قسەی لەسەر دەکرێ؟ جاهەر حوکمێك بێت.

زانایانی ئوممەت ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێ خزمەتێکی زۆریان لەو

بـوارەوە كـردووە، دەيـان سـەرچاوەمان لەبەردەسـتدايە دەربـارەی (زانسـتی فەرمووده) تێیدا باسی ڕێگای فەرموودەیان کردووە (سەنەد / السند)، هەروەکو زۆر بەووردی باسی مەرجی صاغی (ناوەڕۆك / المتن)ــیان کـردووە، زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەش گەورە زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بوونە، وەکو ئیمام ابن صلاح شـارەزوری و حـافیزی عێراقـی و ابـن حجـر عەسـقەلانی و ئیمامی نەوەوی و سیوتی و زۆری تـر (ڕەزا و ڕەحمەتـی خوایـان لەسـەربێ)، زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی بەگرنگیدان بە زانستی فەرموودەناسـراون و لە کاتێکدا خودی ئیمامی شافیعی بە (ناصر الحدیث) ناسراوە، قوتابی زانستی شـەرعی زۆر گـرنگە ئاگـاداری ئەو زانسـتە بـێ و بزانـێ فەرموودەکـانی خۆشەویست (ﷺ) چەند بەپاکی و بەصاغی بەئێمە گەیشتووە.

یەکێك لەوسەرچاوانە کە دەکرێ بڵێین سەرچاوەیەکە وەکو کلیلی کـردنەوەی دەرگای ئەو زانستەیە، دوای تەواو کردن و حاڵی بوون لەو سەرچاوەیە ئینجـا ڕوو لەسەر چاوەی تر بکرێ کە زیاتر و زۆرتریان لەسەر ئەو زانستە نووسیوە، ئەو سەرچاوەیەی کە ئێمە لەخزمەتـی دایـن (هـۆنراوەی بەیقـونیە/ المنظومـة البیقونیة)ـیە، کە هۆنراوەیەکی ناسراوە و (٣٤) بەیتە شیعرە، تێیـدا بەکـورتی و بەپوختی باسی چەند بابەتێکی گرنگ کراوە لەزانستی فەرموودە.

قوتابی زانستی شەرعی گرنگە هەر لەسەرەتاوە خـۆی بەسـەرچاوە گەورەکـان خەریـك نەکـات بەڵکـو لە مەنـزومەی بەیقـونیەوە بچێـتە دونیـای زانسـتی فەرمـوودە، واتە دوای تەواو حـاڵی بـوون و ئەگەر کـرا دەرخکردنـی ئەو

هۆنراوەیە ئینجا بچێتە سەر سەرچاوە گەورەکانی زانستی فەرموودە کە بەدرێژی باسی زۆربەی بەشەکانی ئەو زانستەیان کردووە، بەڵێ هەندێ سەرچاوەی ئەکادیمیمان هەیە دەکرێ ئەوانیش وەکو کتێبی یەکەم لەو زانستە دیراسە بکرێ، وەکو کتێبی (تيسير مصطلح الحديث / محمود الطحان)، بەڵام جیاوازی نێوان (هۆنراوەی بەیقونیە) لەگەڵ کتێبە سەرەتاییەکانی تری ئەو زانستە ئەوەیە کە بەیقونیە دەکرێ قوتابی زانستی شەرعی بەئاسانی دەرخی بکات.

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە کردەوەکانمان قبوڵ بکات و لەگوناهی ئێمە و دایك و باوکمان خۆش بێت، مرۆڤ کە ئەو دونیایە جێدەهێڵێ ئاسەوار و شوێنەواری لەو دونیا جێدەمێنێ، جا ئەوەی چاکەبێ ئەوا خێری بەردەوامی بۆ دەنوسرێ و ئەوەی خراپەش بێ خوای گەورە بمانپارێزێ گوناهی بەردەوامی بۆ دەنوسرێ، خوای گەورە (عزوجل) دەفەرموێ: ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمْۚ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ ١٢﴾ يس: ١٢

لە چەند فەرموودەیەکیش باسی ئەو شتە چاکانە کراوە کە لەدوای مردن سودی بۆ مردوو هەیە، یەکێك لەوانە بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعیە، ئیمامی سیوطي (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە چەند بەیتە شیعرێکی زۆر جوان باس لەو چشتانە دەکات کە سودی بۆ دوای مردن هەیە و دەفەرموێ:

إِذَا مَاتَ اِبْن آدَم لَيْسَ يَجْرِي    عَلَيْهِ مِنْ فِعَال غَيْر عَشْر
عُلُوم بَثَّهَا وَدُعَاء نَجْل وَ غَرْس    النَّخْل وَالصَّدَقَات تَجْرِي
وِرَاثَة مُصْحَف وَرِبَاط ثَغْر    وَ حَفْر الْبِئْر أَوْ إِجْرَاء نَهَر
وَبَيْت لِلْغَرِيبِ بَنَاهُ يَأْوِي    إِلَيْهِ أَوْ بَنَاهُ مَحَلّ ذِكْر

ئەو کەسەی کە دەمرێ هیچ کردەوەیەك سودی پێناگەیەنێ تەنها (١٠) کردەوە نەبێت: بڵاو کردنەوەی زانست و دوعای خێری منالّی صالح و چاندنی درەخت و لێدانی بیرێك و نزیککردنەوەی جۆگەیەك ئاو دروست کردنی ماڵێك بۆ کەسی غەریب و نەبوو یان دروستکردنی مزگەوت. هەندێکیش لەدوای ئیمامی سیوطي ئەو بەیتە شیعرەشیان بۆ زیادکردووە:

وَتَعْلِيم لِقُرْآنٍ كَرِيم    فَخُذْهَا مِنْ أَحَادِيث بِحَصْرٍ

فێرکردنی قورئانی پیرۆز، کە ئەوانە هەمووی دەقی فەرموودەیان لەسەرە.[١].

ڕەحمەتی خوای گەورە لەو کەسەی هەڵەکانمان ڕاست دەکاتەوە، ئەوەی ڕاستە و پێکـــاومە لەو نووســـینە ئەوە تەوفیقـــی خـــوای گەورەیە و ئەوەی تێشـــیدا بەهەڵەداچـــووین لێـــی پەشـــیمانم بەر لەمـــردنم، دەشـــزانم جارجـــار گلەیـــی بەمەبەستی گلەیی دەکرێ نەك بەمەستی ئامۆژگاری.

(١) حاشية الاجهوري على شرح الشيخ محمد بن عبدالباقي الزرقاني لمنظومة البيقونية / لاپەڕە ٢٥

ڕەحمەتی خوای گەورە لە (ابن الوردي) کە دەفەرموێ:

ليس يخلو المرء من ضد وان   حاول العزلة في رأس الجبل [1].

**سرباز محمد حسن**

**هەولێر/پێنج شەممە ٤ ذو الحجة ١٤٣٩**

**بەرامبە بە ١٦ مانگی ٨ ساڵی ٢٠١٨ کۆچی**

---

(١) (لامية ابن الوردي).

## بەیقونی کێیە؟

هۆنراوەی بەیقونیە خاوەنەکەی ئیمام (عمر کوڕی محمد کوڕی فتوح)ی بەیقونیەیە، دیمەشقیی شافیعی مەزهەب بووە (ڕەحمەتی خوای لێبێ)[1]، زانایان زۆریان لەسەر ناسنامەی نەنوسیوە لەبەر ئەوەی ژیانی ئەو زانا پایە بەرزە دیارنییە، لەدەوروبەری ساڵی (١٠٨٠)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، هەندێك فەرموویانە ناوی (طه)ـیە نەك (عمر)، بەڵام ئێمە لەو شەرحە زیاتر پشتمان بەستاوە بە حاشیەکەی ئیمام الاجهوری لەسەر شەرحی الزرقاني، ئەویش دەفەرموێ ناوی عومەرە.

ئینجا ئیمام (الاجهوري) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێ دەفەرموێ: (فالناظم رحمه الله تعالى لإخلاصه لم يبين نسبه ولا بلده، ولهذا عم النفع بهذه المقدمة)[2]

واتە لەبەر دڵسۆزی و دوور لە ڕیابازی باسی ناو و شوێنی خۆی نەکردووە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو هۆنراوەیە ئاوا بەرەکەتی تێکەوتووە و بڵاوبۆتەوە.

بەر لەوەی بچینە سەر هۆنراوەکە گرنگە پێناسەی چەند زاراوەیەك بکەین کە زۆر دووبارە دەبێتەوە لە زانستی فەرموودە:

---

(١) حاشية الاجهوري على مقدمة الزرقاني لاپەڕە ٢١

(٢) حاشية الاجهوري على مقدمة الزرقاني لاپەرە ٢١.

## ١- ماناى (علم الحديث/زانستى فەرمووده) چییه؟

ئیمام شمس الدين محمد بن ابراهيم بن ساعد الانصاري السنجاري[١] دەفەرموێ: (علم رواية الحديث علم بنقل أقوال النبي (ﷺ) وأفعاله بالسماع المتصل وضبطها وتحريرها)[٢] واته: زانستى فەرمووده زانسته بەگوفتار و ڕەفتارى پێغەمبەر (ﷺ) بەو شێوەیەى کە خۆى فەرموویەتى.

ئیمام (محمد بن عبدالباقي الزرقاني) له شەرحى بەیقونیه دەربارەى پێناسەى (علم الحديث) دەفەرموێ: (علم بقوانين أي قواعد يعرف بها أحوال السند والمتن)[٣]. واته: زانستى فەرمووده زانینى ئەو بنچینە و بنەمایانەیە کە پێیانەوە حاڵەتى سەنەد و مەتن دەناسرێنەوە ئەگەر (صاغ بێ یان نا صاغ بێ).

ئیمام (سیوطي) ڕەحمەتى خواى لێبێ دەفەرموێ:

**علم الحديث ذو قوانين تحد　　يدرى بها أحوال متن وسند**

**فذانك الموضوع والمقصود　　أن يعرف المقبول والمردود**[٤]

زانستى فەرمووده چەند بنچینە و بنەمایەکى لەخۆ گرتووه پەیوەسته به (سەنەد

---

(١) محمد بن إبراهيم بن ساعد الانصاري السنجاوي، ناسراوه به(ابن الأكفاني) لەساڵى ٧٤٩ کۆچى وەفاتى کردوه

(٢) لەکتێبى (إرشاد القاصد إلى أسنى المقاصد/لاپەره ٧٤)

(٣) حاشیەى الاجهورى لاپەره ٢٧

(٤) (نظم الدرر في علم الاثر / الامام جلال الدين أبو الفضل عبدالرحمن کوڕى کمال الدين ابوبکر کوڕى محمد میسرى ئەسیوتى شافعى لەساڵى ٩١١ کۆچى وەفاتى کردوه ڕەحمەتى خواى لێبێ ئەو ئیمامه بەڕێزه ئەوەند ناسراوه پێویست بەناساندنى ناکا)

و مەتن)، بەپێی ئەو بنچینە و بنەمایانە لەو (سەنەد و مەتنە) دەکۆڵدرێتەوە بۆ ئەوەی صاغی و ناصاغیان ڕوون بکرێتەوە، بەوەش پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەپارێزرێ لەوەی قسەیەکی بدرێتە پاڵی کە نەیفەرمووبێ.

کەوابوو دەتوانین بڵێین: زانستی فەرمووده چەند بنچینە و بنەمایەکە تێیدا باسی ئەو مەرجانە کراوە کە دەبێ لەسەنەد و مەتنەکە بێنەدی.

ئینجا هەر زانستێك لەزانستەکان لە گۆشەی (١٠) بنچینەوە سەیر دەکرێ، ئەو (١٠) بنچینەیە ئیمام (محمد بن علي الصبان) لە چەند بەیتە شعرێك کۆی کردۆتەوە و دەفەرموێ:

إن مبادِي كلِّ فنٍّ عشرةْ     الحدُّ والموضوعُ ثم الثمرةْ
ونسبةٌ وفضلُهُ والواضعْ     والاسمُ لاستمدادُ حكمُ الشارعْ
مسائلٌ والبعض ُبالبعضِ اكتفى     ومن درى الجميعَ حازَ الشرفا (١).

## یەکەم: (الحد/سنووری ئەو زانستە):

واتە: سنووری ئەو زانستە لەکوێوە دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی پێدێ، ئەوەش زۆر گرنگە بۆ قوتابی زانستی شەرعی لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئاگاداری سنوورەکان دەبێ، زانستەکان تێکەڵ بەیەك ناکات، بۆ نموونە بابەتی (زانستی فەرمووده) زۆر جیاوازە لەبابەتی (زانستی تەفسیر)، ئەو کەسەی کەدێ

(١) حاشية على شرح السلم للملوي/ محمد بن على الصبان / لاپەڕە ٣٥.

دیراسەی زانستی فەرموودە دەکا پێویست ناکا کە ئایەتێکی لەو چوار چێوەیە دەکەوێتە بەرچاو بەتەفسیری ئایەت و ڕووە ئیعجازیەکانی خەریك بێ ئینجا باسی ئیختلافی زانایان بکات لە أسباب النزول.... هتد، بۆیە زانینی سنووری زانستەکان زۆر گرنگە و کاتێکی زۆر بۆ قوتابی زانستی شەرعی دەگێڕێتەوە، کەوابوو سنووری زانستی فەرموودە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە وورد دەبێتەوە لە (ئیسناد) و (مەتن)ی فەرموودەکە، وورد دەبێتەوە لە ئیساند و بزانی کەسەکان کێین کە ئەو مەتنەیان گێڕاوەتەوە، ئینجا ئایا هیچ کەلەن هەیە لە نێوان ئەوانەی ئەو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە؟ بۆ نموونە ئەو فەرموودەیە صاغ نییە ئەگەر یەکێك لە (تابیعین) بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای فەرمووە، لەبەر ئەوەی کەسی (تابعی) خۆشەویستمانی نەبینوە (ﷺ)، یان ئەگەر ئیسنادەکە هیچ کێشەی نەبوو، بەڵام خودی مەتنەکە کێشەی هەیە لەبەر ئەوەی جیاوازە لەگەڵ چەند مەتنێکی تر کە لەڕێی زۆر صاغتر هاتوون، کەوابوو سنووری زانستی فەرموودە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە (قسە لەسەر صاغی مەتن و ئیسناد) دەکرێ.

## دووەم: الموضوع / بابەتی ئەو زانستە چییە کە دیراسەی دەکەی؟

ئەوەشیان دیسان زۆر گرنگە، هەر زانستێك کە دیراسە دەکرێ دەبێ بزانی بابەتەکە چییە کە لێی ورد دەبێتەوە، بۆ نموونە زانستی (تەجوید) چاك خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بابەتەکەی خودی پیت و کەلیمەکانە و دروست دەربڕینیانە و هەر پیتێك مافەکەی خۆی بدرێتێ، کەوابوو (تەفسیر)ی

ئایەتەکـان پەیوەنـدی بە زانسـتی (تەجویـد)ەوە نیـیە، بـۆیە بـابەتی زانسـتی فەرمـوودە قسـەکردنە لەسـەر (صـاغی و ناصـاغی) ئەو فەرمـوودەیە و ئایـا پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرمووە؟ ئەوە سنووری زانستی فەرمووەدەیە، قوتـابی ئەو زانستە بۆ نموونە نابێ خەریکـی مێـژوو و بەسـەرهاتی ئەو کەسـانەبێت کە لە (سەنەدەکە) ناویان هـاتووە، تەنهـا ئەوەنـدە سـەیریان دەکـا کە ئایـا (دەرخ و عەدالەتیان چۆن بووە و کەی لەدایـك بـوونە و کەی وەفاتیـان کـردووە)، لەوە زیاتر پەیوەندی بەمێژوو هەیە نەك بەزانستی فەرمـوودە، هەر بـۆیە بـۆ نمـوونە کەسێك کە مەبەستی بێ بزانـێ ئەوانەی لە (سـەنەدی) فەرمـوودەیەك ناویـان هاتووە چۆن بوونە؟ نابێ بگەڕێتەوە سەر کتێبی (البدايـة والنهايـة) یـان (سـير أعلام النبلاء)، بەڵکو دەبێ بگەڕێتەوە سەر کتێبێکی وەکو (لسان الميـزان) یـان (الجرح والتعديل)، کەوابوو هەر زانستێك بابەتێکی دیاری کراوی خۆی هەیە دەبێ خودی ئەو بابەتە دیاری بکرێ بۆئەوەی بابەتی تر سەر قاڵت نەکا.

## سێیەم: الثمرة / بەروبومی ئەو زانستە چییە؟

هەر زانستێك لەزانستەکان بەروبومی خۆی هەیە و لەبوارێك لەبوارەکان چـاك حاڵیـت دەکـا، بەربـومی زانسـتی (تەجویـد) چـاك و دروسـت خوێنـدنەوەی قورئانە، بەروبومی زانسـتی (تەفسـیر) چـاك حـاڵی بـوونە لە مانـای قورئـان، بەروبومی زانستی (فیقه) شارەزابوونە لە حوکمە شەرعیەکان و ئا بەم شـێوەیە، بەروبومی زانستی فەرموودەش پاراستنی پێغەمـبەری خـوایە (ﷺ) لەوەی کە قسـەیەك بەنـاوی ئەو بڵاونەبێـتەوە، هەر لەهەمـان کاتیشـدا پاراسـتنی خـۆتە

لەتاوانی قسەکردن بەناوی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

خۆشەویستمان علیه الصلاة والسلام دەفەرموێ: (إِنَّ كَذِباً عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ، مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)[١].

کەوابوو خاڵی یەکەم زانینی سنووری زانستەکانە و دووەم زانینی بابەتی زانستەکانە و سێیەم زانینی بەروبومی زانستەکانە.

## چوارەم: نسبة / پەیوەندی ئەو زانستە لەگەڵ زانستەکانی تر:

بێگومان زانستی فەرموودە زانستێکی سەربەخۆیە، واتە: ئەوەی لەو زانستە دەخوێندرێ لەزانستەکانی تر ناخوێندرێ، بۆ نموونە (ئیسناد/ڕێگا)ی فەرموودەکە دەبێ لەو زانستە زۆر خاوێنبێ، بەڵام (ئیسناد/ڕێگا)ی ڕووداوە مێژووییەکان مەرج نییە بەو شێوەیە بێ کە لە ئیسنادی فەرموودە پێویستە، کەوابوو ئەو زانستە زانستێکی سەربەخۆیە مەگەر لە چەند بوارێکی زۆر کەم نەبێ لەگەڵ زانستەکانی تر یەکناگرێتەوە.

## پێنجەم: فضل / گەورەیی ئەو زانستە:

زانستی فەرموودە زانستێکی زۆر گەورەیە، صاغی و ناصاغی بەڵگە شەرعییەکان زانستی فەرموودە حوکمی لەسەر دەدا، هەر لەبەر ئەوەشە زانایان فەرموویانە: (إذا صح الحديث فهو مذهبي)، واتە: ئەگەر فەرموودە صاغ بوو ئەوە مەزهەبی ئێمەیە. بە زانستی فەرموودەیە (صاغی و ناصاغی) فەرموودەکان

(١) صحيح البخاري (٢/ ٨٠).

دەزانین.

**شەشەم: الواضع / دانەری ئەو زانستە:**

ئەگەر دانەری زانستی ئوصولی فیقە ئیمامی شـافیعی بـێ؛ دەبـێ کـێ دانەری زانستی فەرموودەبێ؟

هەندێك لەزانایان دەفەرموون یەکەم کەس کە کتێبی لەو بوارەوە داناوە (قازی أبو محمد الحسن کوڕی عبد الرحمن الرامهرمزي)ـیە کە لەسـاڵی (٣٦٠)ــی کۆچی وەفاتی کردووە، کتێبێکی دانا بەناوی (المحدث الفاصـل بـین الـراوي والواعي).

**حەوتەم: الإسم / ناوی ئەو زانستە:**

ئەو زانستە ناوی (علوم الحدیث) یان (مصطلح الحدیث)ـە، واتە: زانستەکانی فەرموودە یان فەرموودەناسی.

**هەشتەم: الاستمداد / لەکەیەوە بەردەوامی بەو زانستە دەدرێ:**

بەردەوامبـــوونی ئەو زانســـتە بەلێکـــۆڵینەوە دەکـــرێ لەو کەســـانەی کە لە (سەنەد/ڕێگا)ـی فەرموودەکە ناویان هاتووە.

**نۆیەم: حکم الشارع / حوکمی شـەرع لەسـەر زانسـتی فەرمـوودە چییە؟**

حوکمی شەرع لەسەر فەرموودەناسی (فەرزی کیفـایە)یە، بەو مانـایەی دەبـێ

چەند کەسێك هەبن شارەزاییان لەبەشەکانی ئەو زانستە هەبێ، خەریکی پاراستی فەرموودەکان بن لەوەی صاغ و ناصاغ تێکەڵ بەیەکتر نەکرێ و لێنەگەڕێن قسەیەك بدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە نەیکردبێ.

**دەیەم: مسائل / ئەو بەشانەی کە ئەو زانستە قسەی لەسەر دەکا:**

ئەو بەشانەی کە ئەو زانستە قسەی لەسەر دەکا زۆرە، بۆ نموونە (مرفوع) و (موقوف) و (منقطع) و (مسند) و زۆری تر کە لەشوێنی خۆی باسی لێوەدەکەین إن شاء الله.

**ئینجا زانستی فەرموودە (فەرموودەناسی) دەبێ بەدوو بەش:**

**بەشی یەکەم: (علم الحدیث روایة):** واتە ئەو بەشە باس لەمەتنی فەرموودەکە دەکا، جا گوتەی پێغەمبەری خوابێ (ﷺ) یان باسکردنی سیفەتێکی خەلقی ئەو بێت (علیه الصلاة والسلام) یانیش باسی جۆرە عیبادەتێکی ئەو بێت، واتە ئەو بەشەی فەرموودەناسی پەیوەندی بە (ڕێگا/سەنەد)ـی فەرموودەکە نیيە، بەڵکو مەبەست لەبابەتی ئەو بەشە زاتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) وە ئەوەی لێی نەقڵ دەکرێ وەکو پێغەمبەر.

**بەشی دووەم: (علم الحدیث درایة):** پەیوەندی بەدیراسەکردنی ڕێگای فەرموودەکە بەمەتنی فەرموودەکە هەیە لە ڕووی قبوڵکردن و قبوڵنەکردنی

فەرموودەکە.

واتە: (علم يبحث فيه عن أحوال الراوي والمروي من حيث القبول والرد)، واتە بابەتی ئەو بەشە ئەوەی (دەگێردرێتەوە و ئەوەی دەیگێڕێتەوە) هەردووکیان لەڕووی قبوڵ و ڕەدکردنەوە لەو بەشەی فەرموودەناسییە دەدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.[١]

(١) تحفة الاحوذي بشرح جامع الترمذي، جلّدی ١ لاپەڕە ٢٧. هەروەها بڕوانە (البحر الذي زخر في شرح الفية / لاپەڕە ٢٢٩ جلّدی ١).

## ٢- السند / سەنەد یانی چییە؟

زانایان دەفەرموون (السند هو الإخبار عن طريق المتن)[١] واتە: باسی ئەو ڕێگایەیە کە دەتگەیەنێتە فەرموودەکە. مەبەستیش ئەوەیە بۆ نموونە ئیمامی بوخاری دەفەرموێ:

حَدَّثَنَا الحُمَيْدِيُّ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الزُّبَيْرِ، قَالَ: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، قَالَ: حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ الأَنْصَارِيُّ، قَالَ: أَخْبَرَنِي مُحَمَّدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيُّ، أَنَّهُ سَمِعَ عَلْقَمَةَ بْنَ وَقَّاصٍ اللَّيْثِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى المِنْبَرِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى).

سەنەدەکەی ئیمامی بوخاری تا دەگاتە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، واتە عبداللەی کوڕی زوبەیر (حومەیدی)، ئەویش لە (سوفیانی کوڕی عویەینە)، ئەویش لە (یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساری)، ئەویش لە (محمەدی کوڕی ئیبراهیمی تەیمی)، ئەویش لە (عەلقەمەی کوڕی وەقاص)، ئەویش لە ئیمامی (عمر) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەر بێ، ئەویش گوێی لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ).

ئەوە (سەنەدی) ئیمامی بوخاریە، ئەو ڕێگایەی کە ئیمامی بوخاری دەگەیەنێتە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بۆیە ئیمام (سیوطي) دەفەرموێ:

(١) تدريب الراوی لاپەڕە ٩. وە کتێبی (حاشيه الاجهوری على مقدمة الزرقانی لاپەڕە ٢٩.

(والسند الإخبار عن طريق  متن كالإسناد لدى فريق)[1].. واته: سەند ڕێگـای مەتنە و لای هەندێك زانایان لەگەڵ (الإسناد) بەیەك مانا دێن، خۆشی وایە كە (سەنەد و ئیسناد) زۆر جار بەیەك مانـا دێـن، هەر لەبەر ئەوەشـە ئیمـام (ابـن جماعە) دەفەرموێ: فەرمووودەناسان (سـند والاسـناد) بەیەك مەبەسـت بەكـار دێنن[2].

(١) شرح الفية السيوطى فى الحديث المسمى اسعاف ذوى الوطر بشرح نظم الدرر فى علم الاثر

(٢) تدريب الراوى فى شرح تقريب النواوى لاپەڕە٩

## ٣- المسند یانی چی؟

موسنەد ئەو کتێبانەیە کە گێردراوەی صەحابەکانی لە پێغەمبەری خواەوە (ﷺ) کۆکردۆتەوە، بەڵام هەر صەحابەیەك بەتەنها هەرچی گێڕایتییەوە لە پێغەمبەری خوا بەتەنها کۆکرایتەوە دوور لە نەوعی فەرموودەکان کە لەبواری (فیقه) بێت یان لەبواری (نیشانەکانی ڕۆژی دوای بێت) بە نموونە.

ئێمە کە دەڵێین موسنەدی ئیمام (أحمد) واتە ئیمام (أحمد) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەر بێ هەرچی فەرموودەی ئەبوبەکری صدیق هەیە کە لەپێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕایتیەوە کۆیکردۆتەوە، ئینجا دواتر دەچێتە سەر فەرموودەکانی ئیمامی (عمر) ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەربێ و ئا بەو شێوەیە، ئەو شێوازە لە کۆکردنەوەی فەرموودە پێی دەگوترێ (موسنەد) لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی تری فەرموودە بەشێوەیەکی تر فەرموودەکانیان کۆکردۆتەوە، بۆ نموونە چەند فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە لەڕێی چەند صەحابەیەك لەبواری (ئیمان)، چەند فەرموودەیەکی تریان گێڕاوەتەوە لە (کتاب الصلاة) لە چەند صەحابەیەکی تر و ئا بەم شێوەیە.

## ٤- مەتن یانی چی؟

ئێمە لەخاڵی (٢) باسی سـەنەدمان کـرد و گوتمـان سـەنەد ڕێگـای مەتـنە، وە نموونەمان بە فەرموودەیەك لە صەحیحی بوخاری هێنایەوە.

حَدَّثَنَا الحُمَيْدِيُّ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الزُّبَيْرِ، قَالَ: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، قَالَ: حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ الأَنْصَارِيُّ، قَالَ: أَخْبَرَنِي مُحَمَّدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيُّ، أَنَّهُ سَمِعَ عَلْقَمَةَ بْنَ وَقَّاصٍ اللَّيْثِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى المِنْبَرِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ:

تـا ئێـرە ڕێگـای ئیسـنادەکەیە، هێشـتا ئـێمە نەگەیشـتووینەتە مەبەسـتەکەمان، مەبەستمان گێڕانەوەی فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ئەویش ئەوەیە: (إِنَّمَـا الأَعْمَـالُ بِالنِّيَّـاتِ، وَإِنَّمَـا لِكُـلِّ امْـرِئٍ مَـا نَـوَى)، ئەوە پێـی دەگـوترێ (مەتن/ناوەڕۆك)، جا لێرە زۆر گرنگە سەرنج بدەینە گرنگـی ئەو فەرمـوودەیە و هیچ کەس نەیتوانیوە سەربەخۆ قسەیەك هەڵبەستێ بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای فەرمــووە، ئەگەر گــوتەیەکیش بەنــاوی پێغەمــبەری خــواوە (ﷺ) هەڵبەسترابێ ئەوا هەر زوو ئاشکرا کـراوە، لەبەر ئەوەی بەبـێ (ئیسـناد) هـیچ فەرموودەیەك قبوڵ نەکراوە و ئیسنادەکەش دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە.

## ٥- (الخبر و الحديث والأثر) جیاوازیان چییە؟

(الخبر) لای زانایان زۆرجار بەمانای (الحدیث) دێت، هەندێکیش لەزانایان پێیان وایە خەبەر جگە لەفەرموودەی پێغەمبەری خوا دەگێڕێتەوە، بەڵام (الحدیث) تەنها بۆ فەرموودەی پێغەمبەری خوا بەکار دێت، بۆیە ئەوەی بەمێژوو خەریك بێ دەگوترێ (الاخباري)، وە ئەوەی بەفەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەریك بێ پێی دەگوترێ (المُحَدِّث)[١]، هەندێکیش لەزانایان دەفەرموون (الأثر) زیاتر بۆ (الموقوف) بەکار دێت، واتە: گوتەی صەحابەی کیرام ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەربێ[٢]. لەگەڵ تێبینی ئەوەی (حدیث) بەمانای (تازە/نوو) دێت کە پێچەوانەی (قدیم/کۆن)ـە، بەڵام ئەوە لەڕووی زمانەوانی، ئینجا (حدیث) لەڕووی زمانەوانی بۆ قسە و گفتوگۆی ئەو خەڵکەش بەکار دێت، بەڵام بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێن (الحدیث)، واتە (ئەلیف و لامێکی) دەخەینە سەر (حدیث)، کە لەزمانی عەرەبی بەو (ئەلیف و لامە) دەگوترێ (عهدی/زیهنی)، یانی لەگەڵ خوێندنەوەی دەزانین مەبەستمان فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، یان بە (ئیزافە/دانەپاڵ) بەکاری دێنین و دەڵێین (حدیث رسول الله (ﷺ)).

---

(١) نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر ت (ص: ٣٧)

(٢) قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث. محمد جمال الدين القاسمی.لاپەڕە ٦١

ئیمـام (بەیقـونی) سـەرەتای هـۆنراوەکەی بە (بسـم اللـه الـرحمن الـرحیم) دەستپێکردووە و دەفەرموێ:

**بسم الله الرحمن الرحیم**

## شەرحێکی کورتی (بسم الله الرحمن الرحیم)

(بسم الله الرحمن الرحیم) ئایەتێکە لەسورەتی (الفاتحة)، وە بەشە ئـایەتێکە و بەشێکیشی ئایەتە، (بەشە ئایەتـە) بەو مانایایە کە لەسورەتی (النمل) داهاتووە: ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣٠﴾ النمـل: ٣٠، (بەشێکیشـــی ئـــایەتە) هەروەکو ئەوەی لەسورەتی (الفاتحة)دا هاتووە: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣﴾ الفاتحة: ٣، ئینجا (بسم الله الرحمن الرحیم) تاجی سـوڕەتەکانە و ناونیشـانی ڕەحـمەت و ئەمـانە، بـۆیە سـەرەتای هەمـوو سـورەتێك بە (بسـم اللـه الـرحمن الـرحیم) دەسـتپێدەکات، تەنهـا سـورەتی (بـراءة) نەبـێ کە سـەرەتاکەی بە (بسـم اللـه الرحمن الرحیم) دەستپێناکات، لەبەرئەوەی خوای گەورە لەو سـورەتە ئەمـانی لەسەر ئەهلی (شیرك و کوفر) هەڵگرتووە، دەفەرموێ: ﴿بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١﴾ التوبـة: ١، ئەو بەرائەت و هەڵگرتنـی ئەمـانە ئەوەی دەخواست دەستپێکەکەی ئەو سورەتە (بسم الله الرحمن الرحیم) نەبێ، لەبەر ئەوەی هەروەکو باسمان کرد ناونیشانی ئەمان ڕەحمەتیان بۆ بەکار نەهاتووە.

زانایان کتێبەکانیان بە(بسم الله الرحمن الرحیم)دەسـتپێکردووە، ئەوەش لەبەر گەورەیـی و بەرەکەتـی ئەو ئـایەتە، فەرمـانی خـوای گەورەشـە (عزوجـل) کە لەسەرەتای دابەزینی (وەحی) خوای گەورە عزوجل فەرمووی: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ

ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ العلق: ١، بۆیە سوننەتە هەموو دەستپێکێکمان بەناوی خوای گەورە بێ (عزوجل)، نوح پێغەمبەر (على نبينا وعليه الصلاة والسلام) کە سواری کەشتییەکەی بوو فەرمووی: ﴿وَقَالَ ٱرْكَبُواْ فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْرٜىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٤١﴾ هود: ٤١، واتە: سواری کەشتیەکەبن بەناوی خوای گەورە، هەر ئەوە (عزوجل) ئاڕاستە و جێگیری دەکا، خوای گەورە لێبوردە و بەسۆز و بەزەییە. ئینجا لەو ئایەتە دوو سیفاتی خوای گەورە هاتووە (الرحمن) و (الرحيم)، جیاوازێکی ووردی نێوان ئەو دوو سیفەتە هەیە، (الرحمن) سۆز و بەزەییە لە ڕووی چەندێتی، واتە: نەك هەر موسڵمان بەڵکو غەیرە موسڵمان و ئاژەڵ و ڕووەك و هەموو بونەوەر لە (ڕەحمانیەتی) خوای گەورە سوودمەندن، بەڵام (الرحيم) سۆزو بەزەیی خوای گەورەیە لە ڕووی (چۆنیەتی) بۆیە دەفەرموێ (عزوجل):

﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ الأحزاب: ٤٣، واتە: سۆز و بەزەیی خوای گەورە (عزوجل) بۆ ئیمانداران تایبەتە وەکو ئەوەی کە یەك چاکە بکات بۆی زیاد دەکا لە (١٠) تاوەکو دەیگەیەنێتە (٧٠٠) و لەوەش زیاتری دەکات.

﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ البقرة: ٢٦١

کەوابوو مانای (الرحمن) و (الرحيم) لەیەك جیاوازن.

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێ: (فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، فَإِنْ هُوَ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً)[(١)].

هەر کەسێك نیەتی کردنی چاکەیەکی هەبوو بەڵام نەیکرد خوای گەورە (عزوجل) چاکەیەکی بۆ دەنوسێ، وە ئەگەر چاکەکەشی کرد ئەوا بۆی بە (١٠) چاکە لەقەڵەم دەدا تا (٧٠٠) و زۆر لەوەش زیاتر، وەئەو کەسەی ویستی خراپەیەك بکات و نەیکات ئەوکات خوای گەورە چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنوسێ، ئەگەر خراپەکەشی کرد تەنها یەك خراپەی بۆ دەنوسێ.

لێرە گەورەیی مانای (الرحيم)ـمان بۆ بەدەردەکەوێ کە خوای گەورە خاوەن سۆز و بەزەییەکی تایبەتە بۆ بڕواداران.

بۆیە گرنگە ئێمە سەرەتای هەموو کارەکانمان بەناوی خوا دەستپێبکەین، هەر وەکو پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێ:

(وَأَغْلِقْ بَابَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَأَطْفِئْ مِصْبَاحَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَأَوْكِ سِقَاءَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَخَمِّرْ إِنَاءَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَلَوْ تَعْرُضُ عَلَيْهِ شَيْئًا)[(٢)].

بەناوی خوای گەورە داخستنی دەرگاکان و کوژاندنەوەی چرا و بەستانەوەی

---

(١) رواه البخاري.

(٢) رواه البخاري.

کونـدە و داپۆشـینی قـاپ و قاچاغەکـان، هەر هەمـوو ئەوانە بەنـاوی خـوای گەورەوە بکرێ.

## أبدأُ بالحمدِ مُصَلِّياً على ** مُحمَّدٍ خَيرِ نبيْ أُرسِلا

(أبدأ) دەستپێکردن و سەرەتای ئەو هۆنراوەیە، دوای ئەوەی بەناوی خوای گەورە دەستی پێکرد ئینجا حەمدی خوای گەورە دەکا و دەفەرموێ: (بالحمد)، حەمدی خوا لەسەر ئەوەی کە مۆفەقی کرد و هەنگاوی ناوە بەدارشتن و هۆنینەوەی ئەو هۆنراوەیە بەشێوەیەکی ئاوا بتوانێ زانیارێکی زۆری زانستی فەرموودە لە چەند بەیتە شیعرێك کۆبکاتەوە.

مانای (الحمد) لەزمانی عەرەبی جیاوازە لە مانای (الشكر) شوکرانە زۆرجار لە بەرامبەر چاکەیەك دەبێ، دەکرێ کەسێك کەسێکی خۆش نەوێ و سوپاسیشی بکا بەرامبەر بە چاکەیەك کە لەگەڵی کردووە، بەڵام (حەمد) لەبەرامبەر زاتە، واتە خوای گەورە (عزوجل) کامڵە لەزات و هەموو بونەوەر پێویستیان بەوە و ئەو (عزوجل) پێویستی بەهیچ مەخلوقێك نیە، واتە (اللە) عزوجل موستەحەقی (حەمدە) لەبەر کەماڵی زات و کەماڵ و جوانی و بەرزی سیفەتە پاك و بێگەردەکانی.

بۆیە (حمد) جیاوازە لە (مدح)ـیش، گەرچی پیتەکانیان وەکو یەکە، بەڵام زۆر جار کەسێك کەسێکی تر بەناحەق مەدح دەکا، وەکو مەدحی شاعیرەکان، لەبەرامبەر پارە خەڵکێك (مەدح) دەکەن کە شایستەی ئەو مەدحە نین، بەڵام (حمد) هەندە گەورەیە خوای گەورە (عزوجل) خۆی مەدحی خۆی دەکا و لەسەرەتای سورەتی (الفاتحة) دوای (بسم الله الرحمن الرحیم) دەفەرموێ:

(الحمدلله رب العـالمين)، لەكـاتی خۆشـی هەر دەڵێـین (الحمـدللـه) لەكـاتی ناخۆشیش هەر دەڵێـین (الحمـدللـه)، بەرامـبەر هەمـوو ئەو دەرەنجامـانەی لە دەرەوەی توانای ئێمەیە (الحمدلله) بەكاردەهێنین.

ئینجا جیاوازی نێوان (حمد و شكر) لەوەدایە (شـوكر) زیـاتر بە كـرداره بەڵام (حمد) بەگوفتارە، خـوای گەورە عزوجـل دەفەرمـوێ: ﴿ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ١٣﴾ سبأ: ١٣، خەڵكێكی زۆر (حمد) و (شـكر) بەیەك مانـا دەزانـن، ئەوەش لەڕاسـتیدا هەڵەیە، هەر وەكـو ئاماژەمـان پێكـرد كە شـوكر بەزوبان و بەكردەوەیە بەڵام زیاتر بەكردەوەیە، بۆیە خوای گەورە دەفەرمویێ:

﴿وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٞ ٧﴾ إبراهيم: ٧، واتە: ئەگەر شوكری خوا بكەن زیاترتان پێدەبەخشـم ئەگەر كـوفریش بكەن چـاوەڕوانی عەزابێكـی سـەخت بـكەن. جارجـار پرسـیار دەكـرێ ئـێمە شوكری خوا دەكەین كەچی نیعمەتەكانمان زیاد ناكـات، كە پرسـیار دەكەیـن چـۆن شـوكری خـوا دەكەی؟ دەڵـێ دوای هەمـوو نـان خواردنێـك دەڵێـین (الحمدلله)، كە ئەوەش بێگومان بەهەڵە حاڵی بوونە لەمانـای (شـوكر)، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێ جگە لە گوفتارمان بەكردەوەشمان شوكرانەی خوا بكەیـن و زیاتر پابەندی شەریعەتەكەی بین.

ئینجا واچـاكە و زۆربەی زانایـانیش كتێبەكانیـان دوای (بسـم اللـه الـرحمن الرحيم) بە(حمد) دەستپێكردووە.

(مُصَلِّياً على مُحمَّدٍ) دوای ئەوەی هۆنراوەكەی بە (بسم الله الرحمن الـرحيم)

و (حمـد)ی خـوای گەورە دەسـتپێکرد، ئینجـا (سـەڵەوات) دەنێـرێ بـۆ خۆشەویستمان (ﷺ).

خوای گەورە عزوجل دەفەرموێ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ﴿٥٦﴾﴾ الأحزاب: ٥٦، زانایـان دەفەرمـوون (سـەڵاتی) خـوای گەورە (عزوجـل) لەسـەر پێغەمـبەری خـوا بەمانـای ڕەحـمەت دێ، سەڵەواتی فریشتەکانیش لەسەر پێغەمبەری خوا بەمانای (مەغفیرەت) دێت بۆ پێغەمـبەری خـوا (ﷺ)، سـەڵەواتی ئیمانـدارانیش لەسـەر پێغەمـبەری خۆشەویسـت بەمانـای پـاڕانەوەیە لە خـوای گەورە بـۆ پاراسـتنی شـەریعەتی پیغەمـبەری خۆشەویسـت و بەرزکـردنەوەی لە دونیـادا، وە لەدوا ڕۆژیـش پاڕانەوەیە لەخوای گەورە کە (وەسـیلە و مەقـامی) محمـود بکـات بەقسـمەت خۆشەویستمان (ﷺ)[1].

(خَير نبيْ أُرسِلا) چاکترین و باشترین پێغەمـبەرە (ﷺ) کە ڕەوانەکـراوە، لێـرە چاکترین و باشترین پێغەمبەر مانـای ئەوە نیـیە کە پێغەمبەرەکـانی تـر خـراپ بووینە (پەنا بەخوا)، بەڵکو بەراوردەکە لەنێوان چاك و چـاکترە، خـوای گەورە عزوجل دەفەرمـوێ: ﴿تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۘ ﴿٢٥٣﴾﴾ البقرة: ٢٥٣، واتە: ئەو پێغەمبەرانەی کە هەندێکی فەزڵیـان زیـاترە لەهەنـدێکیان. خـوای پەروەدگـار فەزڵی هەندێ (زەمەن)ی بەسەر هەندێ (زەمەن) داوە، وەکو بۆ نموونە فەزڵی ڕۆژی هەینـی و نـۆمینەی حاجیـان و فەزڵـی (١٠) ڕۆژی کۆتـایی ڕەمەزان و

---

(١) جلْدی ٢ لاپەڕە ١٣٢ کتێبی المنهاج فی شعب الایمان ئیمام ابو عبدالله الحسین بـن الحسـن الحلیمـی کە لەسـاڵی ٤٠٣ کۆچی وەفاتی کردوە.

شەوی قەدر و ئا بەم شێوەیە، وە (سبحانە وتعالی) فەزڵـی هەنـدێ شوێنیشـی بەسەر هەندێ شوێن داوە، وەکو فەزڵی (حەرەمەین) و فەزڵـی مزگەوتەکـان و فەزڵی مزگەوتی پێغەمەبری خۆشەویستمان (ﷺ) و فەزڵی نێوان مینبەر و ماڵی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لەناو مزگەوتەکە کە باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت، هەروەها هەندێك لە صەحابەی کیرامیش فەزڵیان بەسەر هەنـدێکی تر هەیە، وەکو فەزڵی (أبوبكر الصديق) بەسەر باقی صەحابەی کیرام و فەزڵی خەلیفەکانی ڕاشـیدین بەسـەر بـاقی صـەحابە، وە فەزڵـی ئەوانەی بەشـداری شەری (بەدر)ـیان کردووە، فەزڵی ئەوانەی لە ژێر (دارەکە) بەیعەتیاندا ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسـەربێ...هتـد، کەوابـوو کە دەڵێـین پێغەمـبەری خۆشەویست چاکترین و باشترین پێغەمـبەرە مانـای ئەوە نیـیە کە ئەوانـی تـر خراپ بووینە، بەڵکو بەراوردەکە لەنێوان چاك و چـاکترە (سـەڵات و سـەلامی خوای گەورە لەسەر تەواوی پێغەمبەران بێ).

## وَذِي مِنَ أقسَامِ الحديث عدَّة ** وكُلُّ واحدٍ أتى وحدَّه

(وَذِي) ئاماژەیە بۆ ئەوەی نوسەر مەبەستیەتی دایبڕێژێ و بیهۆنێتەوە، (مِنَ أقسَامِ الحديث) لە بەشەکانی فەرمووده، (أقسام) کۆی (قسم) کە بەمانای بەش دێت، (عدَّة) یانی (عديدة) واتە:چەند جۆرێك، (وكُلُّ واحدٍ أتى وحدَّه) هەر یەکەیان باس دەکەین لەگەڵ پیناسەکەشی (وحدَّه).

(الحد) مەبەستی لەو وشەیە لێرە (پێناسەیە)، واتە هەر بەشێك لەو بەشانەی زانستی فەرموودە لەشوێنی خۆی پێناسەی دەکا، هۆنراوەی بەیقونیە زیاتر چەند کورتە پێناسەیەکە بۆ بەشەکانی ئەو زانستە.

بەڵام (الحد) لەزمانی عەرەبی بەمانای (المنع/قەدەغەکردن) دێت، بۆیە زانایان دەفەرموون (تعريف/پێناسە) دەبێ (الجامع المانع)بێت، واتە پێناسەکە بەشێوەیەکی وابێت ماناکان تێکەڵ نەبێت، بابەتەکە بەتەواوی بناسێنێ و ڕێش نەدات مانای تری تێکەڵ بێ[(١)].

کەوابوو هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد (هۆنراوەی) بەیقونیە، چەند پێناسەیەکی لەخۆ گرتووە، یان دەتوانین بڵێین خودی ئەو هۆنراوەیە بریتییە لە چەند پێناسەیەك لەزانستی فەرموودەناسی، هەر لەبەر ئەوەشە پێویست بە شەرح دەکات چونکە زۆر لەوردەکاریەکان ئاماژەیان بۆ نەکراوە.

---

(١) الحدود الأنيقة والتعريفات الدقيقة (ص: ٦٥)

(الحديث) ئەليف و لامی سەر (حديث) بۆ بیرخستنەوەی ئەوەیە کە ئێمە باسی فەرموودەی پێغەمبەری خوا دەکەین (ﷺ) نەك (حديث) قسەی خەڵکـی، ئەو (ئەليف و لامە) عەهدی زیهنیە، واتە لەزیهنی هەمووومان ئەوە هەیە کە دەڵێـین (الحديث) مەبەستمان فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) بەڵام ك دەڵێین (حديث) واتە قسەی خەڵکی.

تێبینی: لەسەر جیاکردنەوەی ئەليف و لامی (گشتی) و ئەليف و لامی (زیهنی):

خــوای گەورە دەفەرمــوێ ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢﴾ البقرة: ٢، لێــرە (کتاب) ئەليف و لامێکی لەسەرە، واتە بووەتە (الکتاب)، ئەو ئەليف و لامە بۆ گشتیکردنی کتێب نییە کە لەعەرەبی پێی دەگوترێ ئەليف و لامـی (إسـتغراقي) کە ئەگەر بێت و لایبەن و (کل)ـی لەشوێن دابنێین ماناکەی تێکدەچێت، واتە هەمـوو کتێبێـك مەبەسـت نیـیە، بەڵکـو مەبەسـت ئەو کتێـبەیە کە لەزیهنـی هەموومان هەیە کە (قورئان)ــە، بەپێچەوانەی ئەو ئەلیـف و لامەی کە چـۆتە سەر وشـەی (حمـد) واتە (الحمـد)، ئەگەر بێـت و ئەلیـف و لامەکە لابـدەین (کل)ـی لەشوێن دابنێین ماناکەی تێك ناچێ: (الحمد لله رب العـالمين) واتە: (کل الحمد لله رب العالمين)، بەڵام (مِنَ أقسَامِ الحديث) مەبەست لێـی (کـل الحديث) نییە، بەڵکو مەبەست (حـديث رسـول اللـه/فەرمـوودەی پێغەمـبەری خوا)ـیە (ﷺ).

## أوَّلُها (الصحيحُ) وهوَ ما اتَّصَلْ ** إسنادُهٌ ولَمْ يُشَذّ أو يُعلّ

أوَّلُها (الصحيحُ): يەكەم بەش لەبەشەكانی فەرمووده (صەحیحه)، واته: صاغ، لەبەرئەوەی (صـحة) صـاغیه و پـێچەوانەی (مـرض/ نەخۆشـی)ـیه ، ئینجـا پیناسەی فەرموودەی (صحیح) دەكات و دەفەرموێ: وهوَ ما اتَّصَلْ ** إسـنادُهٌ ولَمْ يُشَذّ أو يُعلّ.

(وهوَ ما اتَّصَلْ ** إسنادُهٌ): واته: ڕێگای فەرموودەكە پچڕانـی تێـدا نەبـێ بەو مانایەی كەلەن نەكەوتبێتە نێوان ڕاوی (ئەوەی فەرموودەكە دەگێڕێتەوە) لەگەڵ ئەوەی كە فەرموودەكەی لێدەگێڕێتەوە، بۆ نموونە ئەو فەرمـوودەیە صـاغ نیـیە ئەگەر ئیمـام بوخـاری ڕاسـتەوخۆ لە صـەحابیەكی گێـڕابێتەوە، لەبەر ئەوەی ئیمامی بوخاری (تابعی) نییە و صەحابەی نەبینیوە، بەڵی دەكرێ فەرموودەیەك بداتە پاڵ صەحابە لەشوێنێك بەڵام لەشوێنێكی تر هەمان فەرمووده بە سەنەدی تەواو هـاتووە، كە ئەوە مەبەسـتمان نیـیە بەڵكـو مەبەسـتمان ئەوەیە هەر فەرمـوودەیەك كە ئیمـام بوخـاری ڕاسـتەوخۆ لەصـەحابیەك یـان لە تـابیعیەك بگێڕێتەوە ئەوكات پرسیار دەكرێ كە ئیمامی بوخاری ئەوانەی نەبینیـوە چـۆن قسەكەی داوەتە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ كەوابوو مەرجی یەكەمی صـاغی فەرمووده ئەوەیە كە دەبێ (ڕێگا/ئیسناد)ـی فەرموودەكە كەلەنی تێنەكەوتبـێ و وەكو ئەلقەی زنجیرێك هەمووی بەیەك بەسترابنەوە و پسانی تێدا نەبێ.

(ولَـمْ يُشَـذّ أو يُعـلّ): ئینجـا باسـی دوو مەرجـی تـریش دەكـا، (لَـم يُشَـذّ)

فەرموودەکە جگە لەوەی پچران لەسەنەدیدا نییە نابێ (شاز)ـیش بێت.

(فەرموودەی شاز) یانی چی؟

(شاذ) واتە: (نامۆ/ لەباوناسراو دەرچوو)، بۆیە زانایان بەو جۆرە پێناسەیان کردووە: (مخالفة الثقة لمن هو أوثق منه)[١]، واتە: فەرموودەیەکە کەسێکی (سیقە/متمانە پێکراو) گێڕاویەتیەوە، بەڵام پێچەوانەی گێڕانەوەی خەڵکێکی ترە کە لەو (سیقە/متمانەپێکراو) ترن. ئەو بەشەی فەرموودەناسییە هەندە ئاڵۆزە ئیمامێکی پایەبەرزی وەکو ئیمامی سیوتی دەفەرموێ: (وَلِعُسْرِهِ لَمْ يُفْرِدْهُ أَحَدٌ بِالتَّصْنِيفِ)[٢]، واتە: لەبەر ئاڵۆزی ئەو بەشە هیچ ئیمامێك کتێبێکی تایبەتی لەسەر نەنووسیوە.

**نموونەیەك لەسەر فەرموودەی (شاز):**

حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ، قَالَ: حَدَّثَنِي مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ، عَنْ عَمِّهِ أَبِي سُهَيْلِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ سَمِعَ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ، يَقُولُ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ ثَائِرَ الرَّأْسِ، يُسْمَعُ دَوِيُّ صَوْتِهِ وَلاَ يُفْقَهُ مَا يَقُولُ، حَتَّى دَنَا، فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنِ الإِسْلاَمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ). فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: (لاَ، إِلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ). قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (وَصِيَامُ رَمَضَانَ). قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ قَالَ: (لاَ، إِلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ). قَالَ: وَذَكَرَ لَهُ

---

(١) تدريب الراوي / لاپەڕە ١٣٢.

(٢) تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي/لاپەڕە ١٣١.

رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الزَّكَاةَ، قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: (لاَ، إِلَّا أَنْ تَطَوَّعَ). قَالَ: فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللَّهِ لاَ أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلاَ أَنْقُصُ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ)[1].

حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ أَيُّوبَ، وَقُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ، جَمِيعًا عَنْ إِسْمَاعِيلَ بْنِ جَعْفَرٍ، عَنْ أَبِي سُهَيْلٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ طَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللهِ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) بِهَذَا الْحَدِيثِ نَحْوَ حَدِيثِ مَالِكٍ، غَيْرَ أَنَّهُ قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (أَفْلَحَ، وَأَبِيهِ إِنْ صَدَقَ، أَوْ دَخَلَ الْجَنَّةَ وَأَبِيهِ إِنْ صَدَقَ)[2].

ئیمام بوخاری ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێ ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە کە کابرایەکی نەجدی دێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و چەند پرسیارێك ئاڕاستەی خۆشەویستمان دەکات دەربارەی ڕوکنەکانی ئیسلام، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) وەڵامی دەداتەوە و دواتر کابرا دەڵێ: سوێند بەخوا لەوە زیاتر ناکەم و لێشی کەم ناکەمەوە، واتە تەنها ڕوکنەکانی ئیسلام وەکو خۆی جێبەجێ دەکات و زیاتر لەوە ناکات و لێشی کەم ناکاتەوە، ئینجا کابرا دەڕوات، ئەو کات پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر ڕاست بکات نەجاتی بووە، هەر هەمان فەرموودە لە (صحيح)ـی ئیمام (مسلم)دا هاتووە بەڵام زیادەیەکی لەگەڵ هاتووە: (أفلح وأبيه إن صدق) یان (دخل الجنة

---

(١) صحيح البخاري (١/ ١٨).

(٢) صحيح مسلم (١/ ٤١).

وأبيه إن صدق) لێرەدا سوێندێکی تێدایە (وأبيه) بەباوکی.

جا زانایان دەفەرموون ئێمە دەیان فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستمان لەبەر دەستدایە کە نابێ سوێند بەجگەلە خوای گەورە بخورێ، ئەی چی لەو (زیادەیە بکەین) کە لە صەحیحی ئیمام مسلم دا هاتووە؟ زانایان دەفەرموون ئەو فەرموودەیە لە صحیح بوخاری دا هاتووە بەڵام ئەو زیادەیەی تێدانییە، بۆیە ئەوە زیادەیەکی (شازە) و قبوڵ ناکرێ.[1]

کەوابوو (شاز) زیادەی متمانە پێکراوێکە پێچەوانەی ریوایەتی کەسێکە کە لەو متمانە پێکراوترە، ئینجا دەبێ (شاز) دوو خاڵی لێ بێتەدی، یەکەم: زیادەیەك، دووەم: ئەو زیادەیە پێچەوانەی کەسێکی لەو متمانەپێکراوتربێ.

**لەبەرچی زانایان باسی ئەو دوو مەرجەیان کردووە؟**

لەبەرئەوەی ئێمە بنەمایەکی ترمان هەیە لە فەرموودەناسی کە (زیادەی متمانە پێکراو) وەردەگیرێ بەڵام بەو مەرجەی (پێچەوانەی) کەسێکی لەخۆ متمانەپێکراوتر نەبێت.

**ئیمام حافزی عێراقی دەفەرموێ:**

وَذُو الشُّذُوذِ مَا يُخَالِفُ الثِّقَهْ فِيهِ ... الْمَلَا فَالشَّافِعِيُّ حَقَّقَهْ

(١) بۆ زیاتری ئەو بابەتە بگەڕێیەوە سەر (التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد (١٤/ ٣٦٧)، هەروەها شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێ لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة (١٠/ ٧٥٦) بابەتێکی زۆر جوانی لەسەر ئەوە نوسیوە.

ئیمـام سـەخاوی لەشـەرحی قسـەکانی ئیمـام حـافزی عێراقـی دەفەرمـوێ: (إصْطِلَاحًا: (مَا يُخَالِفُ) الرَّاوِي (الثِّقَةُ فِيهِ) بِالزِّيَادَةِ أَوِ النَّقْصِ فِي السَّنَدِ أَوْ فِي الْمَتْنِ (الْمَلَا) بِالْهَمْزِ وَسُهِّلَ تَخْفِيفًا، أَيِ الْجَمَاعَةَ الثِّقَاتِ مِنَ النَّاسِ، بِحَيْثُ لَا يُمْكِنُ الْجَمْعُ بَيْنَهُمَا)[(١)].

ئیمـامی شـافعی هەر زوو ئەو سـەرنجەی داوە و زانایـان ڕەحمەتـی خـوای گەورەیان لێ بێت لەکێبەکانیان بە درێژی باسی ئەو بابەتەیان کردووە، هەر بـۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە بگەڕێوە سەر کتێبی (الإرشاد فى معرفة علماء الحديث / الامام الخليل بن عبدالله بن الخليل الخليلي المعروف بالقزويني)، وە کتێبی (حاشية الاجهوري على شرح نخبة الفكر).

(ئیمام) لەو هۆنراوەیە باسی مانای فەرموودەی (شاز/شاذ) دەکات، بەڵام ئێمە لەشـــەرحەکە پێشـــمان خســـت لەبەر ئەوەی لەگەڵ مانـــای فەرمـــوودەی (صحيح/صاغ) چاکتر لەمانای (شاز/شاذ) حاڵی دەبین نەك بەتەنها باسکردنی.

تێبینی /ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: فەرموودەی (صحيح/صاغ) دەکرێتە چەنـد بەشێك:

(الصَّحِيحُ أَقْسَامٌ: أَعْلَاهَـا مَـا اتَّفَـقَ عَلَيْـهِ الْبُخَـارِيُّ وَمُسْـلِمٌ، ثُـمَّ مَـا انْفَـرَدَ بِـهِ الْبُخَارِيُّ، ثُمَّ مُسْلِمٌ، ثُمَّ عَلَى شَرْطِهِمَا، ثُمَّ عَلَى شَرْطِ الْبُخَـارِيِّ، ثُـمَّ مُسْـلِمٍ، ثُـمَّ

---

(١) فتح المغيث بشرح ألفية الحديث (١/ ٢٤٤).

صَحِيحٌ عِنْدَ غَيْرِهِمَا)[1].

زانایان باسیان لەساغترینی فەرموودە ساغەکان کـردووە و دابەشـیان کـردووە بەو شێوەیە:

**یەکەم:** ئەو فەرمودانەی کە (متفق علیە) یان (رواه الشیخان) واتە: (بوخاری و موسلیم لەسەری کۆڕان).

مەبەست لە کـۆڕای (بوخـاری موسـلیم) یـان شـەیخان لەسـەر فەرموودەیـەك ئەوەیـە کـە : (هـەردووکیان گێڕاویانەتـەوە، مـەرجیش نییـە کـۆڕابن لەسـەر لەفزەکەی).

**دووەم:** ئەو فەرموودانەی ئیمام بوخاری ڕیوایەتی کردووە.

**سێیەم:** ئەو فەرموودانەی ئیمام موسلیم ڕیوایەتی کردووە.

**چوارەم:** ئەو فەرموودانەی لەسەر مەرجی (بوخاری و موسلیم)ـە.

**پێنجەم:** ئەو فەرموودانەی لەسەر مەرجی (بوخاری)ـیە.

**شەشەم:** ئەو فەرموودانەی لەسەر مەرجی (موسلیم)ـە.

**حەوتەم:** ئەو فەرموودانەی لەسەر مەرجی جگە لەوانە.

تێبینی: دەربارەی ئەو فەرموودەیەی ئیمامی شافعی - ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لـێ

---

(١) تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي (١/ ١٣١).

بێت - كه فه‌رموویه‌تی: (ما أعلم في الأرض كتابا فـي العلـم أكثـر صـوابا مـن كتاب مالك).

ئیمام (ابن الصلاح) ده‌فه‌رمویٚ: (ئیمـام شـافعی ئه‌وكاتـه ئـه‌وه‌ی فـه‌رموو كـه كتێبه‌كانی بوخاری و موسلیم هێشتا نه‌هاتبوونه بوون)[١].

(أو يُعـلّ): واته: فه‌رمـووده‌كه (عـيلله‌دار نه‌بـیٚ/ده‌ردی تێنه‌كه‌وتبـیٚ)، عـيلله له‌زمانی عه‌ره‌بی پێچه‌وانه‌ی (صاغی و سه‌لامه‌تییه) واته: نه‌خۆش، ئه‌و به‌شه‌ی فه‌رمووده‌ناسیش به‌شـێكی زۆر ووردە، گه‌وره زانایـانی ئه‌و ئـوممه‌ته قسـه‌یان له‌سه‌ر كردووه و هه‌ندیٚ سـه‌رچاوه‌ی زۆر گـرنگیش له‌و بـواره‌وه له‌به‌رده‌سـته وه‌كـو كتێبـی (العلل/ئیمـام الـدارقطني) و (العلل/إمـام ابـن ابـی حـاتم) و (العل/الترمـذي) و زۆری تـر، ناسـینی ئه‌و جـۆره ده‌رده كه له (ئیسناد)ـی فه‌رمووده‌كه ده‌رده‌كه‌ویٚ یان له (مه‌تـن)ـه‌كه‌ی وورده‌كـاریه‌كی زۆری ده‌ویٚ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی عیلله ده‌كه‌وێته فه‌رمـووده‌ی خه‌ڵكانێـك كه جێـی متمـانه‌ن، واته ئه‌وانه‌ی (لاوازن/ضعيف)ـن له فه‌رمووده؛ قسه له‌سـه‌ر ئه‌وان نیـیه، به‌ڵكـو كه هه‌ڵه‌یه‌ك ده‌كه‌وێـته كه‌سـێكی (ثقـة/متمانه‌پێكراو) ئه‌وكـات زانایـان به‌ووردی قسه‌یان له‌سـه‌ر كـردووه، بـۆ نمـوونه (عیلله/ناصـاغی) كه‌وتـۆته فه‌رمـووده‌ی هه‌نـدێك له‌وانه‌ی فه‌رمووده‌یـان ڕیـوایه‌ت كـردووه كه سـه‌ره‌تای ته‌مه‌نیـان (ده‌رخیان) زۆر به‌هێز بووه به‌ڵام به‌ر له‌مردنیان و كه به‌ته‌مه‌ن بوونه (ده‌رخیان)

---

(١) بڕوانه: مقدمة ابن الصلاح/لاپه‌ڕه: ١٠.

لاواز بووه یان لێیان تێکەڵ بووه که پێـی دەگـوترێ (الاخـتلاط)، ئـا لەو کـاته کەس قسەی لێوەرنەگرتوون یان ئەو خەڵکەی که چوون لەو کاته فەرموودەیان لێوەرگرتووه زانایان فەرموویانه ئەو کاته فەرموودەکانیان لاوازه، بەڵی ئەوانەی لەزەمەنــی صــاغی و (دەرخ) و ســەلامەتی که فەرموودەکانیــان وەرگرتــووه فەرموودەکانیان صاغه، بەڵام ئەوانەی لەزەمەنی (ناصـاغ و بەتەمەن بوون)ــی ئەو شەیخانه فەرموودەکانیان بەلاواز لەقەڵەم دراوه.

یەکێك لەوانه (عطاء کوڕی سائیب)ـی ئەقەفـی کـوفی، ئیمـامێکی گەورەبـووه بەڵام بەر لەمردنـی فەرمـوودەی لێـوەرنەگیراوه، لەبەرئەوەی (دەرخ)ــی لاواز بوو، زۆرجار بابەتەکانی تێکەڵ دەکرد، ئینجا زانایانی فەرموودەناسی سەرنجی ئەوەیان داوه هەر کەسێك فەرموودەی لە(عطاء) گێڕابێتەوه لەزەمەنی (صاغی) فەرموودەکەیــان وەرگرتــووه بەڵام ئەوانەی فەرموودەیــان لێوەرگرتــووه دوای بەتەمەن بـــونی و (ناصـــاغی) ئەوانه فەرموودەکانیـــان ڕەتکـــراوەتەوه و فەرموودەکانیان بەلاواز لەقەڵەم دراوه.

لەو بـواره چەنـد کتێبێکـی زۆر گرنـگ نوسـراوه وەکـو کتێبـی (شـرح علـل الترمذي/ئیمام ابن رجب الحنبلي) و (المختلطین/إمام صلاح الدین ابو سـعید العلائي) و (نهایة الاغتباط بمن رمی من الرواة بالاختلاط/ إمـام عـلاء الـدین علي رضا) و زۆر سەرچاوه و کتێبی تر لەو بوارەوه نوسراوه.

کەوابوو (عیلله/ناصاغی) بابەتێکی زۆر ورده بەڵام ئەو بـابەته وردەش بەسـەر

زانایان تێنەپەڕیوە بەڵکو قسەیان لەسەر کردووە و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵی بەتەواوی ڕوونکردۆتەوە.

ئینجا عیللە دەبێتە دوو بەش: بەشێکیان پەکی وەرگرتنی دەرخی، کە پێی دەگوترێ (علة قادحة)، جۆری دووەمیان (قادحة) نییە، دەکرێ چارەسەر بکرێ، وە زۆربەی (عیللەکان) لە ئیسناد دەبێ.

## يَرْوِيهِ عَدْلٌ ضَابِطٌ عَنْ مِثْلِهِ ** مُعْتَمَدٌ في ضَبْطِهِ ونَقْلِهِ

ئیمام باسی ئەو مەرجانە دەکا کە دەبێ لەکەسی (ڕاوی/ ئەوەی فەرموودەکە دەگێڕێتەوە) بێتەدی، دەفەرموێ: (يَرْوِيهِ عَدْلٌ ضَابِطٌ).

**(عەدل) کێیە؟**

زانایان فەرموویانە ئەو کەسە (عەدلە) کە هەردەم ئامادەی ئەوەیە پابەندی (شەرع و عورفی) جوان بێت.

ئیمام ابن حجر لەمانای (العدل) دەفەرموێ: (من له ملكة تحمله على ملازمة التقوى والمروءة)[1].

ئیمامی شافعی ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێ دەفەرموێ:

(لَا أَعْلَمُ أَحَدًا أُعْطِيَ طَاعَةَ اللَّهِ حَتَّى لَمْ يَخْلِطْهَا بِمَعْصِيَةٍ إِلَّا يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا عَلَيْهِ السَّلَامُ، وَلَا عَصَى اللَّهَ فَلَمْ يَخْلِطْ بِطَاعَةٍ، فَإِذَا كَانَ الْأَغْلَبُ الطَّاعَةَ فَهُوَ الْمُعَدَّلُ، وَإِذَا كَانَ الْأَغْلَبُ الْمَعْصِيَةَ فَهُوَ الْمُجَرَّحُ)[2] واتە: نەم زانیوە کەسێك (تاعەتی خوای گەورەی) پێبەخشرابێ و تێکەڵی نەکردبێ بە (مەعصیەت/گونا) تەنها یەحیای کوڕی زەکەریا نەبێ، وە هیچ کەسێك ناناسم سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کردبێ و تێکەڵی نەکردبێ بە گوێڕایەڵی خوای گەورە، بۆیە

---

(١) حاشية الاجهوري على شرح نخبة الفكر.

(٢) الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي (لاپەرە: ٧٩).

ئەگەر زۆربەی کردارەکانی گوێرایەڵی خوای گەورە بێ ئەو کەسە (عەدلە)، وە ئەگەر زۆرینەی کردارەکانی سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بـێ ئەوە کەسـە (المجرح)ـە، واتە عەدل نیە.

کەوابـــوو لەپێناســـەکەی ئیمـــامی شـــافیعی عەدل ئەو کەســـەیە کە زیـــاتر لەچوارچێـوەی بـازنەی گـوێرایەڵی خـوای گەورە دەخـولێتەوە، بەڵام کەسـی (ناعەدل) ئەو کەسەیە کە زیـاتر لەبـازنەی سـەر پێچـی دەخـولێتەوە، وە هـیچ کەسـێك نیـیە هەمـوو ژیـانی (تـاعەت) بـێ، لەبەر ئەوەی مـرۆڤ دووچـاری سەرپێچی دەبێ بەڵام گرنـگ وایە کە بەردەوام لەململانـێ دایە لەگەڵ نەفسـی خۆی، هەوڵی زیاتر دەدا پابەندی ڕەزامەندی خوای گەورە بێ (عزوجل).

ئیمام ابن حبان دەربارەی (العدالة) دەفەرموێ: (والعدالة في الإنسـان هـو أن يكون أكثر أحواله طاعة الله لأنا متى ما لم نجعل العدل إلا من لم يوجـد منـه معصية بحال أدانا ذلك إلى أن ليس في الدنيا عدل إذ الناس لا تخلو أحوالهم من ورود خلل الشيطان فيها، بل العدل مـن كـان ظـاهرا أحوالـه طاعـة اللـه والذي يخالف العدل من كـان أكثـر أحوالـه معصـية اللـه)[1]. واتە: زۆریـنەی حاڵەتەکـانی لە چوارچێـوەی ڕەزامەنـدی خـوای گەورەبـێ، لەبەرئەوەی گەر بڵێـین عەدل ئەو کەسـەیە کە هـیچ تـاوانی نەبـێ ئەوا بەدڵنیـایەوە لەدونیـادا کەسێکی عادل نادۆزیتەوە، دەتوانین بڵێین عەدالەت لەو کەسە هـاتۆتە دی کە

(١) صحيح ابن حبان (١/ ١٥١).

(تاوانەگەورەكانی نیە/الكبائر) و خۆی لەگوناهە بچوكەكان دەپارێزێ مروئەتی خۆشی دەپارێزێ، شتێكی وا ناكات بەسوك لەلای خەڵكی سەیر بكرێ لەبەئەوەی مروئەت بەپێی عورف دەگۆردرێ.

(ضَابِطٌ) ئەو كەسەیە كە ئەوەی دەرخی كردووە هەر چ كاتێك بیەوێ وەكو خۆی دەیگێڕێتەوە بەبێ زیاد و كەم، ئینجا زانایان دەفەرموون (ضبط/دەرخ) دوو جۆری هەیە: یەكەم: فەرموودەكانی لەمێشك و سینگی دایە زۆر بەجوانی دەرخی كردوون، جۆرێكی تریشمان هەیە جگە لەدەرخكردنەكە بەنوسینیش لای خۆی هەڵی گرتووە كە بێگومان ئەوەی دووەم زۆر چاكترە كە هەردوو مەرجی لێ بێتەدی، واتە خاوەن دەرخێكی بەهێزە و لای خۆشی بەنوسین هەڵی گرتووە، ئینجا (گەورەیی و هێزی دەرخەكە)ی ئەو كەسەی فەرموودەكە ڕیوایەت دەكات لە ڕووی (ڕیزبەندی) لەپێشی ئەو كەسەیە كە دەرخی بەهێزە بەڵام زۆر بەهێز نییە، هەر لەبەر ئەوەشە زانایان كەمتر قسەیان لەسەر ئەو كەسانە كردووە كە ئیمامی بوخاری فەرموودەی لێ ڕیوایەت كردوون لەبەر ئەوەی ئیمامی بوخاری كەسانێكی هەڵبژاردووە كە نەك دەرخیان بەهێز بووە بەڵكو زۆر بەهێز بووە، هەر لەبەر ئەوەشە (صحیحی بوخاری) بەراستتر دادەنرێ لەصەحیحی موسلم، لەبەر ئەوەی مەرجەكانی بوخاری بەهێزتر بوونە لەمەرجەكانی (مسلم) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورە لەزانایانی ئوممەت.

عَنْ مِثْلِهِ ** مُعْتَمَدٌ في ضَبْطِهِ ونَقْلِهِ: واتە: ڕاویەكە دەرخ و عەدالەتی هەیە لە كەسێك ڕیوایەت دەكات ئەویش وەكو خۆی خاوەن دەرخێكی بەهێز و

عەدالەت بووە (مثلە) ،بەشێوەیەکی ئاوا کە دڵنیا دەبێ لەو دوو خاڵە.

کەوابوو مەرجەکانی فەرموودەی (صحیح) پینج مەرجن:

**یەکەم:** إتصال السند/ڕێگای فەرموودەکان کەلەن و پچرانی تێدانەبێ. واتە ئەو فەرمـودانەی کە سـەنەدەکەی پچرانـی تێـدایە وەکـو (مرسـل و منقطـع و معضـل...هتـد) هەمـوو ئەوانە دەچـنە چـوار چێـوەی فەرمـوودەی لاواز کە لەشوێنی خۆی باسی دەکەین ان شاء الله.

**دووەم:** ڕاویەکە/ئەوەی فەرموودەکە دەگێڕێتەوە دەبێ خاوەن (عەدالەت) بێ.

**سێیەم:** دەرخی تەواوبێ.

**چوارەم:** شاز و نامۆ نەبێـت، واتە ڕیـوایەتەکەی پـێچەوانەی کەسـێکی لەخـۆ متمانەپێکراوتر نەبێ.

**پێـنجەم:** عـیللەدا/دەردەدار نەبێـت، واتە ڕیـوایەتەکە و گێـردراوەکە دەردەدار نەبێت.

## وَ(الَحسَنُ) الَمعْرُوفُ طُرْقاً وغَدَتْ ** رِجَالُهُ لا كالصَّحيحِ اشْتَهَرَتْ

واته: فەرمـــوودەی حەســـەن ئەو فەرمـــوودەیەیە کە دەرخـــی ڕاویەکـــانی ئەو کەسانەی ڕیـوایەتەکە دەگێـڕنەوە وەکـو (دەرخـی کەسەکان)ـــی فەرمـوودەی صحیح نییە لەڕووی (دەرخ/ضبط)ەوە، بۆیە ئیمام ابن حجر دەفەرمـوێ: (فَـإِنْ خَفَّ الضَّبْطُ فَالْحَسَنُ لِذَاتِهِ، وَبِكَثْـرَةِ طُرُقِـهِ يُصَـحَّحُ)[1]. کەوابـوو فەرمـوودەی (حسن) ئەو فەرموودەیەیە کە کەسێك دەیگێڕێتەوە و دەرخی وەکو دەرخی ئەو کەسانە بەهێز نییە کە لەفەرموودەی (صحیح) باسمان کرد، بەڵام دەرخەکەشی نەگەیشـتۆتە ئەو پـلەیەی کە وازی لێبهێنـرێ، ئەو فەرمـوودەیەی ئەو کەسـانە دەیگێڕنەوە پێی دەگوترێ فەرموودەی (حسن)، بەڵام دەبێ ئاگـاداری ئەوەبـین هەر چوار مەرجەکەی تری لێ بێتەدی کە لەمەرجەکانی فەرموودەی (صحیح) باسمان کرد، واتە دەبێ (پچران لەسەنەد و عەدالەتی ڕاوی و شاز و عـیللەدار نەبێ). {قسەکردن تەنها لەسەر (دەرخەکەیە)}.

لێرە تێبینییەك هەیە گـرنگە سـەرنجی بـۆ ڕابکێشـین: ئـێمە باسـی فەرمـوودەی صحیحمان کرد و باسی مەرجەکانیمان کرد، ئینجا گوتمان ئەگەر (دەرخی) زۆر بەهێز نەبێ دەبێتە فەرموودەی حەسەن، بەڵام ئەگەر هاتوو فەرموودەیەك چەند کەسێك گێڕاویانەتەوە دەرخیان وەکو (کەسەکانی صـحیح) بەهێـز نەبـوو، ئەو چەند ڕێگایە کۆیان دەکاتەوە و فەرموودەکەیان دەبێتە (صحیح لغيره).

---

(١) نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر.

ئیمام سیوتی ڕەحمەتی خوای لێبێ بەو فەرموودەیە نموونە دێنێتەوە لەسەر فەرموودەی (حسن لذاته) و (صحيح لغيره): (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمتي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِوَاك عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ).

دەفەرموێ: (فمحمد ابن عمرو بن علقمة من المشهورين بالصدق والصيانة، لكنه لم يكن من أهل الإتقان، حتى ضعَّفه بعضهم من جهة سوء حفظه، ووثقه بعضهم لصدقه وجلالته،فحديثه من هذه الجهة حسن، فلما انضم إلى ذلك كونه روي من وجه آخر زال بذلك ما كنا نخشاه عليه من جهة سوء حفظه، وانجبر به ذلك النقص اليسير، فصح هذا الإسناد، والتحق بدرجة الصحيح)[١].

واتە: محمدی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمە پیاوەکی ڕاستگۆیە، بەڵام دەرخی زۆر بەهێز نەبووە، بەڵام کە کەسی تریش هەمان فەرموودەی ئەو بگێرنەوە ئەو کات ترسی ئەوەمان نامێنێ کە هەڵەی کردبێ، لەبەر ئەوەی لەڕێگای تریش فەرموودەکە باسی لێوەکراوە و دەچێتە چوارچێوەی فەرموودەی (صحيح لغيره).

هەر لەبەر ئەوەشە شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێ کە باسی فەرموودەیەك بکا ئەو پیاوە لەئیسنادەکەی بێ دەفەرموێ: (ورجاله رجال الصحيح ؛ خلا محمد بن عمرو بن علقمة، وحديثه حسن)[٢]، واتە: ئەو ڕێگایە صەحیحە تەنها

(١) البحر الذي زخر في شرح ألفية الأثر (٣/ ١٠٠٤)

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها (٧/ ٣٦٤).

(محمدی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمە نەبێ) کە فەرموودەکەی (حەسەنە).

کەوابوو فەرموودەی (حەسەن) دەکرێ بەدوو بەش:

**(حسن لذاته):** واتە: بۆخۆی فەرموودەیەکی چاکە تەنها قسە لەسەر دەرخی ڕاویەکانی کراوە.

**(حسن لغيره):** ئەوەیان لەخوارەوەی (حسن لذاته)ـیە، لەبەر ئەوەی کەسێك کە دەرخی خراپە لە ئیسنادەکەدایە، (دەرخ خراپ بوون) هۆکاری لاوازی فەرموودەکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەچەند ڕێگایەکی تریش (چەند کەسێکی دەرخ خراپ) هەمان فەرموودەیان گێڕاوەتەوە ئەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی فەرموودەکە پلەیەك بەرز بێتەوە و بگاتە (حسن لغيره)، جا لێرە دا دەبێ بزانین ئەو بەرزبوونەوەیە لە (لاوازی بۆ حسن لغيره) و (حسن لغيره) بۆ (حسن لذاته) و دواتریش بۆ (صيحيح لغيره) هەر هەمووی پەیوەندی بە (دەرخی) ڕاویەکان هەیە، واتە کەسێکی درۆزن لە ئیسنادی فەرموودەیەك بێ دەیان کەسی تری درۆزنی وەکو خۆی ناتوانن فەرموودەکە بەرزکەنەوە و لە (لاوازی) دەری بێنن بۆ (حسن) لەبەر ئەوەی (درۆ) بەهیچ جۆرێك ڕاستناکرێتەوە.

## وكُلُّ ما عَنْ رُتبةِ الُحسْنِ قَصُر ** فَهْوَ (الضعيفُ) وهوَ أقْسَاماً كَثُرْ

ئینجا دوای ئەوەی باسی فەرموودەی (حسن)ـی کرد، ئینجا باسی فەرموودەی لاواز دەکات و دەفەرمویٚ: هەموو ئەو فەرموودانەی مەرجەکانی (حسن)ـیان لەخۆ نەگرتووە و لێیان نەهاتۆتەدی ئەوە ئەو فەرموودانە پێیان دەگوتریٚ فەرموودەی لاواز کە دواتر باسیان دەکەین لەشوێنی خۆی، واتە هەر فەرموودەیەك (پچران)ـی هەبوو لە سەنەدی یان (شاز) بوو یان (عیللەی) تێکەوتبوو یان (دەرخ و عەدالەتی) کەسەکانی (سەنەد) تەواو نەبوو؛ هەر هەموو ئەوانە پێیان دەگوتریٚ فەرموودەی لاواز.

بۆ نموونە شیخی ئەلبانی لە باسی ئەو فەرموودەیە: (شهر رمضان معلق بين السماء والأرض، ولا يرفع إلى الله إلا بزكاة الفطر)، دەفەرمویٚت (ضعيف)ـە، لەبەر ئەوەی کەسێك لە ئیسنادەکەی دایە بەناوی (محمد بن عبيد البصري)، ئەو کەسە (مجهول)ـەو کەس نایناسیٚ[١].

---

(١) سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة (١/ ١١٧).

## وما أُضيفَ للنبي (الَمرْفوعُ) ** وما لتَابِعٍ هُوَ (المقْطوعُ)

ئەوەی (أُضــيفَ للنبــي) دراوەتە پــاڵ پێغەمــبەری خــوا (ﷺ) ئەوە نــاوی (المرفوع)ە و وەكو ئەوەی بگوترێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای فەرمـووە یـان وای كــرد یــان لە خزمەتیــدا كەسـێك كارێــك ئەنجــام بــدا و پێغەمــبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لەسەری بێدەنگ بــێ و بەكــارەكەی ڕازی بــێ، ئەوانە هەمووی دەچنە چوار چێوەی (مرفوع) كە لە (رفع)ەوە هاتووە، واتە قسەكەی هی خۆی نییە بەڵكو بەرزی دەكاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

**ئینجا دەكرێ بڵێین (مرفوع) چوار جۆری هەیە:**

**یەكەم:** فەرمـوودەیەكە دەدرێــتە پـاڵ پێغەمـبەری خــوا (ﷺ) وەكـو ئەوەی كە خۆشەویستمان (ﷺ)دەفەرموێ: (إِنَّ كَذِبًا عَلَيَّ لَيْسَ كَكَـذِبٍ عَلَـى أَحَـدٍ، مَـنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)(١).

**دووەم:** كردارێكە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان لێی دەگێڕدرێتەوە، بۆ نموونە چـۆنیەتی نـوێژی (ﷺ) وەكـو كە دەفەرمـوێ: (صَـلُّوا كَمَـا رَأَيْتُمُـونِي أُصَلِّي).

**سێیەم:** كردارێكە لەحزور پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) كراوە ئەویـش پێـی ڕازی بــووە، وەكــو ئەوەی كە خــۆی (ﷺ) (بزنمژە)ـــی نەخــواردووە بەڵام

(١) رواه البخاري.

لەخزمەتــی ئەودا خالیــدی کــوڕی وەلیــد خــواردوویەتی و خۆشەویســتمان حەرامی نەکردووە.

**چــوارەم:** کەسـێك وەصــفێکی خۆشەویسـتی کردبـێ و جـوانییێکی لە شـکڵ و ڕەوشت دابێتە پاڵ پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەوەش هەر لەچوارچێوەی فەرموودەی (مەرفوع)ـە، هەروەکو عبـداللەی کـوڕی عەمـری کـوڕی عـاص دەگێڕێتەوە: (لَمْ يَكُنِ النَّبِـيُّ (ﷺ) فَاحِشًـا وَلاَ مُتَفَحِّشًـا، وَكَـانَ يَقُـولُ: إِنَّ مِـنْ خِيَارِكُمْ أَحْسَنَكُمْ أَخْلاَقًا).

وما لتَابعٍ هُوَ (المقْطوعُ): تابیعی ئەو کەسـەیە کە هـاوەڵی پێغەمـبەری خـوای بینیبێ (ﷺ)،جا بۆ مـاوەیەکی کەم بـێ یـان زۆر، جـا گوفتـار و ڕەفتـاری ئەو تابیعیـانە پێـی دەگـوترێ (المقطـوع)، ئینجـا زانایـان دەیـانکەن بەدوو بەش: بەشـێکیان گەورە تابیعیەکـان. بەشـی دووەم تـابیعیە بچوکەکـان کە زۆرجـار فەرموودە لە تابیعی لەخۆیان بەتەمەنتر دەگێڕنەوە. (سعیدی کوڕی موسـەییب) یەکێکە لەگەورە تابیعیەکان، هەندێ لەزانایان دەڵێن لەساڵی دووەمی خیلافەتی ئیمامی عومەر ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسـەر بـێ لەدایـك بـووە، هەنـدێکیش دەفەرموون لەساڵی چـوارەمی خیلافەتـی ئیمـام عـومەر لەدایـك بـووە، گەورە هـاوەڵانی پێغەمـبەری خـوای بینیـوە (ﷺ) وەکـو ئیمـامی عـومەر و ئیمـامی عوسمان و ئیمامی عەلی و زەیدی کوڕی سابت و ئەبـو موسـای ئەشـعەری و دایکی بڕوادارن عائیشە و ابو هورەیرە و زۆری تر، لەساڵی ٩٤ کۆچی وەفـاتی

کردووه[١]. کەوابوو (مەقتوع) گوفتار و ڕەفتاری ئەو کەسانەیە کە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوایان بینیوە ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەربێ.

**تێبینی:** زۆر جار باسی (المخضرم) دەکرێت، ئەوە بەکەسێك دەگوترێت کە لەزەمەنی پێغەمبەری خۆشەویست ژیاوە (ﷺ) موسوڵمان بووە بەڵام خۆشەویستمانی نەبینیوە، وەکو (أَبُو أُمَيَّة سُوَيْد بن غَفَلَة)، ئەو ڕۆژەی کە گەیشتە مەدینە هەر ئەو ڕۆژەبوو کە خۆشەویستمان وەفاتی کردبوو (ﷺ)، ئەو پیاوە لەزەمەنی خۆشەویستمان ژیاوە (ﷺ) بەڵام بەخزمەتی نەگەیشتوە[٢]. هەندێك لەزانایان (نەجاشی) مەلیکی حەبەشەش بەگەورە تابیعیەکان هەژمار دەکەن لەبەر ئەوەی باوەڕی بەپێغەمبەری خوا هێنا بەڵام پێغەمبەری خوای نەبینی (ﷺ) بەڵکو صەحابەی کیرامی بینیوە[٣].

---

(١) (سير أعلام النبلاء) ط الحديث (٥/ ١٢٤)

(٢) (تقريب التهذيب) لاپەڕە ٤٢٤.

(٣) (حاشية الاجهوري على شرح نخبة الفكر).

## وَ(الْمسْنَدُ) الْمتَّصِلُ الإسنادِ مِنْ ** رَاوِيهِ حتَّى الْمصْطفى ولْم يَبِنْ

موســـنەد بەو فەرمـــوودەیە دەگـــوترێ کە (ڕێگاکە/سەنەدەکە)ـــی پچرانـــی تێنەکەوتـــووە، هەر لە ڕاویەکەوە تـــاوەکو دەگـــاتە پێغەمـــبەری خۆشەویســـتمان (ﷺ)، بـــۆ نمـــوونە: ڕیـــوایەتی مالیـــك لە نـــافع لە ابـــن عمـــر لە پێغەمـــبەری خۆشەویست (ﷺ)، ئەوە موسنەدە لەبەر ئەوەی هیچ پچران لە سەنەدەکە نییە، ئەوەشە مەبەستی لە (حتَّى الْمصْطفى ولْم يَبِنْ) تەئکیـد لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە موسنەد نابێ بەهیچ جۆرێك قەتعی تێکەوتبێ.

بەڵی فەرموودەی پێغەمـبەری خۆشەویسـت بەو جـۆرە گێـڕدراوەتەوە، ئەوەش ڕەحمەتـــی خـــوای گەورە بـــوو بەو ئـــوممەتە کە فەرمـــوودەی پێغەمـــبەری خۆشەویستیان پاراست بەو (ئیسنادە).

ئینجـا ئیسـناد ڕەحمەتـی خـوای گەورەیە بەو ئـوممەتە کە لە پێغەمـبەرەکەی دانەبـڕاون بەڵکـو زەنجیرەیەکـی ئەوەنـدە پیـرۆزە ئـاخیری ئەو ئـوممەتە بەپێغەمـبەرەکەی دەگەیەنـێ، ئوممەتەکـانی پـێش ئـێمە ئیسـنادیان نەبـوە و لە پێغەمبەرەکانیان دابڕاون.

## ومَا بِسَمْعِ كُلِّ رَاوٍ يَتَّصِلْ ** إسْنَادُهُ للمُصْطَفَى فَـ(الْمُتَّصِلْ)

(المتصل): ڕاویەکان لەئیسنادەکە بەگوێگرتن فەرموودەکەیان لەوەی سەرووی خۆیان وەرگرتووە، واتە تابیعیەکە گوێی لە صەحابەکە بووە، صەحابەکەش گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ)، ئەو حاڵەتەش زیاتر وەصفی سەنەدەکەیە، واتە نەك هەر کەلەن و پچران لەسەنەدەکەی نییە بەڵکو هەر یەکەو گوێی لەوەی سەرووی خۆی گرتووە تاوەکو دەگاتە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)، بۆیە ئیمام (ابن صلاح) دەفەرمویٚ: (وهو الذى اتصل إسناده فكان كل واحد من رواته قد سمعه ممن فوقه حتى ينتهي إلى منتهاه)[1].

ئینجا جیاوازی فەرموودەی (المتصل) لەگەڵ فەرموودەی (المسند) ئەوەیە لە موسنەد دەکرێ بەئیجازە فەرموودەکەی لێوەرگرتبێ، بەڵام (المتصل) لەوە بەهێز ترە و گوێی لەوەی سەرووی خۆی بووە. بۆیە ئیمام (عطية الاجهوري) دەفەرموێ: (يكون احترازا عن اتصال السند بغير السماع كاتصاله بالاجازة، كان يقول: اجازني فلّان قال اجازني فلّان وهكذا الى اخر السند)[2].

هەر لەبەئەوەشە ئیمام بیقاعي دەفەرمویٚ: (المتصل والموصول) لە وەصفی

(١) مقدمة ابن الصلاح/ لاپەڕە ٣٣.

(٢) حاشية الاجهوري على مقدمة الزرقاني/ لاپەڕە ١٠٠.

سەنەدن: (المتصل والموصول من صفات الاسناد)[1].

(١) النكت الوفية بما فى شرح الالفية. برهان الدين ابراهيم بن عمر البقاعي (لاپەڕە ٢١٤).

(مُسَلْسَلٌ) قُلْ مَا عَلَى وَصْفٍ أَتَى ** مِثْلُ أَمَا والله أنْبأنِي الفَتى

كذَاكَ قَدْ حَدَّثَنيهِ قائِماً ** أَوْ بَعْدَ أَنْ حَدَّثَنِي تَبَسَّمَا

(مسلسل) بەو فەرموودانە دەوترێ کە ڕاوی بەوەصفێك دەیگێڕێتەوە لەوەی کە گوێی لێبووە، ئەوەی کە گوێشی لێبووە ئەویش بەهەمان وەصف لەکەسەکەی سەرووی خۆی دەیگێڕێتەوە تا دەگاتە صەحابیەکە، صەحابیەکەش بەو شێوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوای پێ بینیوە (ﷺ). بۆ نموونە: پێغەمبەری خۆشەویستمان جارێکیان بە (معاذ)ـی فەرموو: ئەی معاذ من تۆم خۆش دەوێ لەدوای هەموو نوێژێك بڵێ: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وحُسْنِ عِبَادَتِكَ)، (معاذ)یش ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێ بە قوتابیەکەی خۆی دەڵێ: من تۆم خۆش دەوێ، لەدوای هەموو نوێژێك ئەو دوعایە بکە، قوتابیەکەی (معاذ)یش بە قوتابیەکەی خۆی دەڵێ من تۆم خۆش دەوێ، لەدوای هەموو نوێژێك ئەو دوعایە بکە، ئا بەو شێوەیە هەر کەسێك کە ئەو فەرموودەیەی بۆ کەسێکی تر گێڕابێتەوە هەمان قسەی پێغەمبەری خۆشەویستیان دووبارە کردۆتەوە و پێی گوتووە من تۆم خۆش دەوێ، لەدوای هەموو نوێژێك ئەو دوعایە بکە.

ئەو شیوازە پێی دەگوترێ حەدیسی (مسلسل)، واتە وەکو ئەلقەی زنجیرێك هەمووی وەکو یەك لەدوای یەکدا هاتووە بەیەك حاڵەت[1]. نموونەیەکی تر

(١) جیاد المسلسلات ئیمام سیوطي (لاپەڕە ١٥٨).

دەربارەی ئەو فەرموودەیەی کە بەزەردەخەنەوە گێڕدراوەتەوە: (حُمْرَان کوڕی أَبَان) دەگێڕێتەوە لە ئیمام عُثْمَان ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ: (أَنَّهُ دَعَا بِمَاءٍ فَتَوَضَّأَ وَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاثًا، وَذِرَاعَيْهِ ثَلاثًا ثَلاثًا، وَمَسَحَ بِرَأْسِهِ، وَظَهْرِ قَدَمَيْهِ) واتە: داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی هەڵگرت، ئینجا (ضَحِكَ)، پێکەنی و فەرمووی پرسیار ناکەن لەبەرچی پێکەنیم؟ ئەوانیش فەرموویان لەبەر چی پێکەنیت گەورەی بڕواداران؟ ئیمام عوسمان فەرمووی پێغەمبەری خۆشەویستم بینی داوای ئاوی کرد و بەو شێوەیە دەستنوێژی هەڵگرت، ئینجا پێکەنی و فەرمووی پرسیار ناکەن لەبەر چی پێکەنیم؟ صەحابەش فەرموویان لەبەر چی پێکەنیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەو کات خۆشەویستمان (ﷺ) فەرمووی: (إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا دَعَا بِوَضُوءٍ فَغَسَلَ وَجْهَهُ، حَطَّ اللهُ عَنْهُ كُلَّ خَطِيئَةٍ أَصَابَهَا بِوَجْهِهِ، فَإِذَا غَسَلَ ذِرَاعَيْهِ كَانَ كَذَلِكَ، وَإِنْ مَسَحَ بِرَأْسِهِ كَانَ كَذَلِكَ، وَإِذَا طَهَّرَ قَدَمَيْهِ كَانَ كَذَلِكَ)[١] واتە: فەرمووی هەرکەسێك کە دەستنوێژ هەڵدەگرێ کە دەم و چاوی دەشوات خوای گەورە لەهەموو گوناهێکی خۆش دەبێ کە بەدەم و چاو کردبێتی، وە ئەو کاتەی دەست و باسکی دەشوات بەهەمان شێوە، وە کە سەری مەسح دەکات بەهەمان شێوە، وە کە قاچەکانیشی دەشوا بەهەمان شێوە.

واتە: لەگەڵ تەواوبوونی دەست نوێژەکەی لە گوناهەکانی خاوێن دەبێتەوە، ئەوەیە کە دڵی پێغەمبەری خۆشەویستی خۆش کردووە و پێکەنیوە، ئینجا ئیمام

(١) مسند أحمد ط الرسالة (١/ ٤٧٤)

عوسمان كه ئەو فەرموودەيە دەگێڕێتەوە بەهەمان شـێوە پێـدەكەنێ و ئەوەی لە ئیمام عوسمانیش فەمودەكە دەگێڕێتەوە ئەویش پێدەكەنێ.

جا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە صـەحابەی كیـرام چەنـدە ورد و ئەمـین بـووینە لەگواسـتنەوەی فەرموودەكـان، وە ئەو تابیعیـانەی فەرموودەكانیـان گێڕاوەتەوە لە صەحابە ئەوانیش بەهەمان شێوە ئەوەندە ئەمین و ورد بووینە لە گواستنەوەی فەرموودە بۆیە چۆنیان بینیوە ئاواشیان نەقڵ كردووە،كەوابوو ئەوە مەبەسـتە لە: (كـذَاكَ قَـدْ حَدَّثَنِيـهِ قائِمـاً...) ئـا بەو شـێوەیە كە بەوەسـتان فەرموودەكەی بۆ گێڕامەوە، یان دوای فەرموودە گێرانەوەكە پیكەنی (أوْ بَعْدَ أنْ حَدَّثَنِي تَبَسَّمَا)، كە نموونەمان بۆ هێنایەوە بە فەرموودەكەی (حمران) و ئیمـام (عوسمان) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێبێ.

## (عَزيزٌ) مَروِيُّ اثنَين أوْ ثَلاثهْ ** (مَشْهورٌ) مَرْوِيٌّ فَوْقَ ما ثَلاثَهْ

ئینجا باسی جۆرەکانی سەنەد دەکات، واتە ئەو ڕێگایەی کە فەرموودەکەی لێوە بەئێمە گەیشتووە، سەرەتا باسی (عزیز) دەکات و دەفەرموێ:

(عَزيزٌ) مَروِيُّ اثنَين أوْ ثَلاثهْ... واتە: فەرموودەی عەزیز ئەو فەرموودەیەیە کە لە هەر (طبقة/چینێك لە چینەکان) دوو کەس تا سێ کەس فەرموودەکەیان ڕیوایەت کردووە، جا ئەو دوو کەسە یان سێ کەسە گرنگ نییە لەکام (طبقة) دابن (هاوەڵان ڕەزای خوایان لەسەربێ یان لە تابیعی یان تابیعی تابیعیەکان)، وەکو ئەوەی ئەگەر دوو کەس یان سێ کەس لە چینی تابیعیەکان فەرموودەیەك لە صەحابیەك بگێرنەوە ئەو فەرموودەیە پێی دەگوترێ (عزیز)، واتە: بەهێزێکە بۆ فەرموودەکە، نموونەیەك لە فەرموودەی (عزیز):

(حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ، قَالَ: حَدَّثنَا ابْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ **عَبْدِ العَزِيزِ بْنِ صُهَيْبٍ**، عَنْ **أَنَسٍ**، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، وحَدَّثنَا آدَمُ، قَالَ: حَدَّثنَا شُعْبَةُ، عَنْ **قَتَادَةَ**، عَنْ **أَنَسٍ**، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[1]. زانایان دەفەرموون ئەوە نموونەی فەرموودەی (عزیز)ـە لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودەیە لە (أنس) و (أبو هريرة) ڕیوایەت کراوە، لە (أنس)ـیش (قتادة) و (عبدالعزيز کوڕی صهيب) ڕیوایەتیان فەرمووە.

---

(١) رواه البخاري.

کەوابوو فەرموودەی (عزیز) دوو کەس یان سێ کەس ریوایەتیان فەرمووە لە (چینێك) لەو چینانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە.

(مَشْهورٌ مَرْوِيٌّ فَوْقَ ما ثَلاثَهْ).... مەشهوریش ئەو فەرموودەیەیە کە لە (تەبەقەیەك/ چینێك) لەچینەکانی لەسێ کەس بەسەرەوە ریوایەتیان کردووە، واتە لەسێ کەس بەسەرەوە ریوایەتی فەرموودەکەیان کردووە بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی (تەواتر)، کە مەبەستیش لەتەواتر ریوایەتی کۆمەڵێکە لەکۆمەڵێکی تر کە ئەستەمە ئەوانە لەسەر درۆ کۆببنەوە و ئەو خەبەرەی لەو ڕێیەوەش دەگاتە ئێمە یەقین دروست دەکا[1].

نموونەی فەرموودەی (مشهور): (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ العَاصِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ العِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا...)[2]. ئەو فەرموودەیە لە هەر چینێك لە چینەکانی سێ کەس زیاتر فەرموودەکەیان ریوایەت کردووە، مەبەستیش لە (مشهور) بەپێی زانستی فەرموودەناسییە نەك (مشهور/ باو) لەنێو عەوامی خەڵکی یان ئەوانەی زۆر چیرۆك دەگێڕنەوە، لەبەر ئەوەی (مشهور)ی سەرزاران بە مانای دووەم زۆربەی جاران فەرموودەکان لاواز و هەڵبەستراوە، و زۆرێکیش لەئیمامەکان کتێبی تایبەتیان لەو بوارەوە داناوە، بۆ

---

(١) محاسن الاصطلاح للبلقيني.

(٢) رواه البخاري.

نموونه کتێبی (المقاصد الحسنة فی بیان کثیر من الاحادیث المشتهرة علی الالسنة/ ئیمام محمد عبدالرحمن السخاوي).

(حَدَّثنا مُحَمَّدٌ، أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ، أَخْبَرَنَا سُلَيْمَانُ التَّيْمِيُّ، عَنْ أَبِي مِجْلَزٍ، عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَنَتَ النَّبِيُّ (ﷺ) بَعْدَ الرُّكُوعِ شَهْرًا يَدْعُو عَلَى رِعْلٍ، وَذَكْوَانَ، وَيَقُولُ عُصَيَّةُ عَصَتِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)[١].

زانایان دەفەرموون ئەو فەرموودەیە (مشهورە) باوە، سلێمانی تەیمی لە ئەبو میجلەز دەگێڕێتەوە، ئەویش لە أنس دەگێڕێتەوە، ئینجا جگە لەئەبو میجلەز کەسی تریش ئەو فەرموودەیە لە ئەنەس دەگێرنەوە، وە جگەلە سلیمانی تەیمی کەسی تریش ئەو فەرموودەیە لەئەبو میجلەز دەگێڕێتەوە، وەکەسی تریش هەمان فەرموودە لە سلیمانی تەیمی دەگێڕێتەوە. بۆیە ئەو فەرموودەیە یەکێکە لە فەرموودە (مشهور/باوە)کان[٢].

---

(١) رواه البخاري.

(٢) شەرحی مەنزومەی بەیقونیە (عبدالله سراج الدين) لاپەڕە ٩٦.

## (مَعَنْعَنٌ) كَعَن سَعيدٍ عَنْ كَرَمْ ** (وَمُبهَمٌ) مَا فيهِ رَاوٍ لَم يُسَمْ

(مَعَنْعَنٌ) كَعَن سَعيدٍ عَنْ كَـرَمْ.... فەرمـوودەی (معـنعن) واتە ڕاویەکە دەڵـێ لە فڵان کەسم گێڕاوەتەوە، ئەویش لە فڵان کەسـی گێـڕاوەتەوە، ئەویـش لە فـڵان کەسـی گێـڕاوەتەوە (عـن فـڵان عـن فـڵان عـن فـڵان)، ئەو جـۆرە ئیسـنادە (متصل)ـە، واتە کەلەنی تێنەکەوتووە و سەنەدەکە نەپچراوە، بەڵام مانای وانییە فەرموودەکە (صحیح / صاغ) بـێ، لەبەر ئەوەی ئـێمە لەفەرمـوودەی (معـنعن) وەصفی سەنەد دەکەین نەك حوکمی ئەو سـەنەدە چیـیە؟ کەسـەکانی (صـاغ و جێی متمانەن) یاخود قسەیان لەسەر کراوە؟ بۆیە لەو جۆرە فەرمـوودەیە دەبـێ مەرجی ئەوەی تێدابێ کە هیچ کەس لەڕاویەکـان بە (تـدلیس) نەناسـراوبن، کە دواتر باسی مانای (تدلیس) دەکەین.

کَعَن سَـعيدٍ عَـنْ كَـرَمْ... واتە سـەعید لە کەرەمـی گێـڕاوەتەوە، لێـرەدا زانایـان فەرموویانە مەرجی ئیمامی بوخاری بەهێزترە لەبەر ئەوەی ئەو جـۆرە ئیسـنادە واتە ئیسنادی (معـنعن) لای ئیمـام بوخـاری دەبـێ ئەو دوو کەسـە یەکتریـان ببینیبێ، بەڵام لای ئیمامی (موسلیم) ئەو دوو کەسە مەرج نییە یەکتریان ببینیبێ، بەڵکو بەسە ئەوەندەی کە لەیەك کـات ژیـاون، کە بـێ گومـان مەرجـی ئیمـام بوخاری بەهێزترە لەمەرجی ئیمام موسلیم، ان شاء الله لەشـوێنی خـۆی باسـی دەکەین.

**تێبینی:** بابەتێکی تریش هەیە وەکو (معنعن) کە پێی دەگـوترێ (المـؤنن): واتە

ڕاوی دەڵی: حدثنا فلان أن فلانا حدثه.. تا کۆتایی سەنەد، لەبڕی بەکارهێنـانی (عن) (أن) بەکاردێت: (وهو ما يقال في مسنده: حـدثنا فـلان أن فلانـا، وهـو كالمعنعن، قيل إنه منقطع حتى يتبين السماع في ذلك الخبـر بعينـه مـن جهـة أخرى، والجمهور على أنه كالمعنعن في الاتصال بالشرط المتقدم)[1].

(وَمُبهَمٌ) مَا فيهِ رَاوٍ لَمْ يُسَمْ.... (موبهەم /نادیار) ئەگەر کەسێك لە سەنەد ناوی نەهات وەکو ئەوەی بۆ نموونە (عن فلان عن رجل)، ئەو کەسە نـاوی نەهـات ئەوە نادیارە جا گرنگ نییە ئەو کەسـە ئـافرەت بـێ یـان پیـاو، هەر ئیسـنادێك کەسێکی تێدابوو ناوی نەهات ئەو ئیسنادە پێ دەگوترێ مـوبهەم، بەڵام ئەگەر کەسێکی نادیار لەمەتن دابوو ئەوە کاریگەری سـلبیی لەسـەر فەرمـوودەکەی نابێ، وەکو ئەوەی بگێڕدرێتەوە کە کەسێك هات پرسیاری لە پێغەمـبەری خـوا کرد، ئەو کەسە کەسمان نەمان دەناسی ئەو حاڵەتە مەبەست نییە بەڵکو (مبهم) لەئیسنادە.

نموونەیەك لەسەر کەسی (نادیار/مبهم) لەئیسناد: ئیمام ابو داود فەرموودەیەك ریوایەت دەکا لەڕێی (حجاج بن فرافضة): (عن (رجل) عن ابي سلمة عن ابي هريرة: المؤمن غر كريم).

بەڵام لە(ڕێگا/ئیسناد)ی تر هاتووە کە ئەو کەسە ناوی (يحى بن أبي كثير)ە[2].

---

(١) قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث (ص: ١٢٣)

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها (٢/ ٦٠٨).

هەر ئیسنادێك كەسێكی نادیاری تێدا بوو بێگومان ئەو ئیسنادە قبوڵ نـاكرێ و دەچێتە چوارچێوەی (لاواز)، بەمەرجێك ئەگەر لە (ڕێگا / ئیسناد)ی تر نـاوی ئەو كەسە نەهاتبێ.

## وكُلُّ مَا قَلَّت رِجَالُهُ (عَلا) ** وضِدُّهُ ذَاكَ الذِي قَدْ (نَزَلا)

باسی (ئسناد/ڕێگا)ی فەرموودەکە دەکات، ئیسناد ئەو ڕێگـایەیە کە ڕاویەکەی دەگەیەنێتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یـان دەتگەیەنێـتە صـەحابەیەکی کیـرام یـان تابیعیەك یـان ئیمامێـك ڕەزا و ڕەحمەتـی خـوای گەورەیـان لێبـێ، بـۆ نمـوونە ئیجازەی خوێندنەوەی قورئان کەسێك بچێتە (مەغریب) و ئیجازەیەکی تەجوید بێنیتەوە بۆ کوردستان، لەکوردستانیش چەند کەسـێك بچـنە لای ئەو کەسـە و ئیجازەی لێوەربگرن بێگومان ژمارەی سەنەدەکە زیاتر دەبێ، واتە ئەو کەسـەی لە مەغریـب ئیجـازەکەی هێنـاوەتەوە سـەنەدەکەی بەرزتـرە لەکەسـێك کە لەکوردسـتان ئیجـازەکەی هێنـاوەتەوە لای ئەو کەسـەی کە لەمەغریـب هێناویەتەوە، واتە کە تۆ لای شێخێك ئیجـازەکە دێنیـتەوە کەسـێکیش لای تـۆ دێنێتەوە تۆ نزیکتر و بەرزتری لە سەنەدەکە لەو کەسەی خوارەوەی تـۆ، لەبەر ئەوەی تۆ لەنێوان ئەو و شێخەکەتی بەڵام نێوان تۆ و شێخەکەت کەسـی تـری تێدانییە، بۆیە کاتی خۆی سەفەر دەکرا بۆ هێناوەنەوەی سـەنەد ئەگەر بزانرابـا شێخێك لە شام فەرموودەیەکی لایە سەفەر بۆ دەکرا دەیانگوت با لەو ئیسـنادە بەرز بینەوە تاوەکو کەسی بەژمار کەمتر لەنێوان ئـێمە و پێغەمـبەری خـوا بـێ (ﷺ)، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرێك لەڕاویەکـان بـۆ نمـوونە دەچـوونە خـزمەت ئیمامی مالك ڕاستەوخۆ فەرموودەکەیان لێوەردەگرت، نەیان دەگـوت پێویسـت بەسەفەر ناکـات و بـا لای خۆمـان فەرمـوودەکە لەکەسـێك وەرگـرین کە ئەو لەمالیکی وەرگرتووە، ئەوە یەکێکە لەهۆکاری سەرەکی زۆری سەفەری (ئەهلی

حەدیس) کە حەزیـان کـردووە کەمتـرین کەس لەنێـوان ئەوان و پێغەمـبەری خوابێ (ﷺ).

ئینجـا زانایـانی ئەو ئـوممەتە ڕەزا و ڕەحمەتـی خـوای گەورەیـان لەسـەر بـێ زۆربەیان ئیسنادی خۆیـان هەبـووە هەتـا بـۆ سـەرچاوەکانی سـوننە، زۆربەی سـەرچاوەکان وەکـو (صـحیحی بوخـاری و موسـلیم) و هەرچـوار سـونەن، ئیسنادی خـۆی هەبـووە تـا دەگـاتە ئیمـام بوخـاری، واتە ئەوان نەك تەنهـا لە فەرمووده بەڵکـو لەخوێنـدنەوەی سـەرچاوەکانی سـوننەش ئیسـنادی خۆیـان هەبووە، بۆیە ئیمامی نەوەوی ڕەزا و ڕەحمەتی خـوای گەورەی لێبـێ لە کتێبـی ئەزکار باسی ئیسنادی خۆی دەکا بۆ ئەو کتێبانە، ئەوەش دیسـان ئامـاژەیەکی زۆر گـرنگە بـۆ ئەوەی کە زانسـتی (ئیسـناد) یەکێـك بـووە لەنـیعمەتە هەرە گەورەکـان بەسـەر ئەو ئـوممەتە و پێغەمـبەری خۆشەویسـت لە قسـەی هەڵبەستراو پارێزراوە، ئەهلی بیدەع و ناحەزانی سوننە هەر کاتێك قسەیەکیان دابێتە پاڵ ئەو شەریعەتە، ئیمـامە گەورەکـان ڕاسـتەوخۆ داوای ئیسـنادی ئەو قسـەیەیان کـردووە، ئەوەش هۆکـاری ئەوە بـووە سـوننە پـارێزراو بـووە، هەرکاتێکیش کەسێك قسـەیەکی هەڵبەسـتراوی دابێـتە پـاڵ پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) هەر زوو ئاشکرا بووە، لەبەر ئەوەی بوختـانەکەی بەئیسـناد خنکـاوە و پلانەکەی بەئیسناد ئاشکرا کراوە.

کەوابوو تا کەسەکانی ئیسـناد بە ژمـار کەمتـربن ئەوەنـدە سـەنەدەکە (عـالی/ بەرز) تر دەبێ، نێوان ڕاوی و نێوان پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیکتر دەبـێ، واتە

ئیسنادی کەسی بەژمار زیاتر بێ ئەوەندە نێوان ڕاوی و نێوان پێغەمبەری خـوا دوورتر دەبێ.

لەڕۆژگارێکی وەکو ئەوڕۆماندا ئیسناد بەو جۆرە نەماوە، بەڵکو دەکرێ ئیسـناد بۆ وەرگرتنی کتێب مابێ یان وەرگرتنی مۆڵەتی تەجوید، ئەگەر نا سەرچاوەکانی سوننە زۆربەیان لەبەر دەستمانن و ئەو فەرموودانەی دیراسەی دەکەیـن ئـێمە تەنها باسی ڕاویەکەی دەکەیـن و دەڵێـین (رواه البخـاري) یـان (مسـلم) یـان (الشيخان) یان (متفق) عليه، جا لێرەدا زانایان ئەو (علو) لەئیسـنادەکە دەکەن بەچەنـد بەشـێك کە پـێم وایە باسـکردنی بەو دوور و درێـژیە لەگەڵ نەزمـی بەیقـونیە نـاگونجێ لەبەئەوەی بەیقـونیە خـۆی بەشـێوەیەکی (کـورت) باسـی بابەتەکانی کردووە، بەڵام لە سـەرچاوەکانی تـر دەکـری بە درێـژی باسـی ئەو خاڵانە بکەین.

## ومَا أضَفْتَهُ إلى الأصْحَابِ مِنْ ** قَوْلٍ وفعْلٍ فهْوَ (مَوْقُوفٌ) زُكِنْ

ئەوەی دەدرێتە پاڵ هاوەڵان ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێبێ، جا گوتە بێ یان کردار بێ، ئەوە پێی دەگوترێ (موقوف)، واتە وەستانە لەسەر قسە یان ڕەفتاری صەحابی.

صەحابی کێیە؟ ئیمام ابن حجر دەفەرموێ: (وأصحّ ما وقفت عليه من ذلك أن الصحابيّ: من لقي النبيّ (ﷺ) مؤمنا به، ومات على الإسلام، فيدخل فيمن لقيه من طالت مجالسته له أو قصرت، ومن روى عنه أو لم يرو، ومن غزا معه أو لم يغز، ومن رآه رؤية ولو لم يجالسه، ومن لم يره لعارض كالعمى)[1].

واتە: چاکترین پێناسە بۆ (صحابی/هاوەڵ)ـی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەو کەسەیە کە بەپێغەمبەری خوا گەیشتووە و ئیمانی پێ هێناوە و لەسەر ئیسلام وەفاتی کردووە، جا ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر یان بۆ ماوەیەکی کەم لە خزمەت پێغەمبەری خوا بووبێ (ﷺ)، فەرموودەی لێگێڕابێتەوە یان فەرموودەی نەگێڕابێتەوە، لەگەڵی غەزای کردبێ یان لەگەڵی غەزای نەکردبێ، وە ئەوەی پێغەمبەری خوای بینیبێ ئەگەر لەخزمەتیشی دانەنیشتبێ، وە ئەوەی لە خزمەتی بووە بەڵام بەهۆکاری نابینایی بۆ نموونە نەیتوانیوە ببینێ هەر هەموو ئەوانە پێیان دەگوترێ (صەحابە).

ئینجا (موقوف)ـی صەحابەی کیرام ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەربێ

(١) الإصابة في تمييز الصحابة (١/ ١٥٨).

دەبێتە سێ بەش.

**یەکەم: گوتەی (صەحابە):** بۆ نموونە ئیمامی علی ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەر بێ دەفەرموێ: (حَدِّثُوا النَّاسَ، بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُحِبُّونَ أَنْ يُكَذَّبَ، اللَّهُ وَرَسُولُهُ)[1]. ئەوە گوتەی ئیمامی عەلیە ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ، ڕاوی ئیسنادەکەی لەخزمەت ئیمام علی کۆتایی پێدێ.

**دووەم: کردەوەی صەحابە:** (وَأَم بن عَبَّاس وَهُوَ متيمم)[2]. واتە: (ابن عباس) پێشنوێژی کرد بە تەیەمموم. ئەوە کرداری صەحابەیە ئیسنادی ڕاوی دەگاتە خزمەت کردارێکی (ابن عباس) و کۆتایی پێدێ لەبەر ئەوەی ئەو کردارەی (ابن عباس) مەقصود بووە.

**سێیەم: (موقوف التقريري):** واتە کردەوەیەك لەخزمەت صەحابەیەك کرابێ و صەحابەکە پێی رازی بووە، ئەوە پێی دەگوترێ إقرار، واتە ڕازی بوون بەو کردەوەی کە لەخزمەت صەحابەکە کراوە ئەویش لەسەری بێدەنگ بووە، وەکو ئەو کاتەی ئیمامی عمر ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ بریندارکرا، ئیمام عومەر دەستی (عبدالرحمن بن عوف)ی گرت و پێشی خست بۆ تەواوکردنی نوێژەکە، صەحابەی کیرام ئەو کردەوەیەی ئیمام عومەریان بینی و پێی ڕازی بوون، کەوابوو کردەوەیەك لەو جۆرە پێی دەگوترێ موقوف

---

(١) فتح الباري لابن حجر (١/ ٢٢٥).

(٢) فتح الباري لابن حجر (١/ ٤٤٦).

التقريري.

(رُكِنْ) واته زانراوه (علم/فهم)[1] .

ئایا گوتەی صەحابە بەحوجەی شەرعی دەچێ یان نا؟ ئەوە و چەند بابەتێك كە پەیوەندی بە(مورسەل)یش هەیە پێم وایە شوێنی باسكردنی زیاتر كتێبەكانی (أصول الفقه)ـە، لەوێ زانایان بەتەفصیل باسی ئەوەیان كردووە كە گوتەی صەحابە چ كاتێك دەكرێتە بەڵگەی شەرعی؟ یان مورسەلی گەورە تابیعیەكان كەی قبوڵ دەكرێ؟ بۆیە لەشەرحی ئەو هۆنراوەیە باسی ناكەین بۆ ئەوەی قوتابی زانستی شەرعی بابەتەكانی لێ تێكەڵ نەبێ و تێگەیشتنی پەرت نەبێ.

---

(١) لسان العرب (١٣/ ١٩٨).

## (وَمُرْسَلٌ) مِنهُ الصَّحَابِيُّ سَقَطْ ** وقُلْ (غَرِيبٌ) ما رَوَى رَاوٍ فَقَطْ

دوای ئەوەی باسی (موقوف)ی کرد ئینجا باسی (مرسل) دەکات و دەفەرموێ:

(وَمُرْسَلٌ) مِنهُ الصَّحَابِيُّ سَقَطْ.... واتە مرسل ئەو ئیسنادەیە کە صەحابەکەی لێ کەوتووە، واتە تابیعیەك دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای فەرمووە، تابعی پێغەمبەری خوای نەبینیوە چۆن دەکرێ قسەیەك بداتە پاڵ ئەو؟ بۆیە ئەو حاڵەتە پێی دەگوترێ (مرسل)، نموونەیەك لە فەرموودەی (مرسل): (عطاء بن أبي رباح) دەفەرموێ: پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) فەرمووی: (إِذَا شَرِبْتُمْ فَاشْرَبُوا مَصًّا، وَإِذَا اسْتَكْتُمْ فَاسْتَاكُوا عَرْضًا)[1]. عطائی کوڕی ئەبی ڕەباح لەساڵی (٢٧)ی کۆچی لە دایك بووە و لەساڵی (١١٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە، بەخزمەت پێغەمبەری خۆشەویست نەگەیشتووە (ﷺ)، بۆیە دەبێ لە نێوان (عطاء) و نێوان پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) صەحابیەك هەبێ کە لەو ئیسنادە کەوتووە.

ئینجا ئیختلافێك هەیە لەنێوان زانایان لەسەر حوکمی (مرسل)، ئایا بەبەڵگەی شەرعی دەچێ یان نا؟ هەروەها هەندێك لەزانایان حوکمی (مرسل)ی گەورە تابیعیەکانیان جودا کردۆتەوە لە (مرسل)ی تابیعیە بچوکەکان و هەندێکیش لەزانایان بەچەند مەرجێك (مرسل) قبوڵ دەکەن، بەڵام بۆچوونی ڕاست لەوەدا

---

(١) المراسيل لأبي داود (ص: ٧٤).

هەروەکو ئیمامی نەوەوی نەقڵی دەکا کە (مرسل) بەحوجە و بەڵگە ناچێ و لە چوار چێوەی فەرموودەی لاوازە: (ثُمَّ الْمُرْسَلُ حَدِيثٌ ضَعِيفٌ عِنْدَ جَمَاهِيرِ الْمُحَدِّثِينَ وَالشَّافِعِيِّ وَكَثِيرٍ مِنَ الْفُقَهَاءِ وَأَصْحَابِ الْأُصُولِ)[1]. پێشتریش ئیمام مسلم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە مرسل بەبەڵگە ناچێ: (وَالْمُرْسَلُ مِنَ الرِّوَايَاتِ فِي أَصْلِ قَوْلِنَا، وَقَوْلِ أَهْلِ الْعِلْمِ بِالْأَخْبَارِ لَيْسَ بِحُجَّةٍ)[2].

وقُلْ (غَرِيبٌ) ما رَوَى رَاوٍ فَقَطْ... واتە: (غەریب) ئەو فەرموودەیەیە کە یەك ڕاوی دەیگێڕێتەوە، ئەویش دەکرێ بەدوو بەش:

**یەکەم:** مەتن و ئیسنادەکەی غەریب بن: وەکو ئەو فەرموودەیە:

(محمد بن فضيل عن عمارة بن القعقاع عن أبي زرعة عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (كلمتان حبيبتان إلى الرحمن خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان: سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم)[3].

ئەو فەرموودەیە (أبو هريرة) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ بەتەنها دەیگێڕێتەوە، ئینجا (أبو زرعة) بەتەنها لە أبو هريرة دەگێڕێتەوە، ئینجا (عمارة) بەتەنها لە (بو زرعة) دەگێڕێتەوە، ئینجا (محمد بن فضل) بەتەنها لە (عمارة)

---

(١) تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي (١/ ٢٢٢).

(٢) صحيح مسلم (١/ ٣٠).

(٣) متفق عليه.

دەگێڕێتەوە، ئەو جۆرە فەرموودەیەیە کە ئیمام ترمذي دەفەرموێ: غەریبە تەنها لەو ڕێگایەوە دەیناسین: (غريب لا نعرفه إلا من هذا الوجه)[1].

**جۆری دووەم:** سەنەدەکەی غەریب بێ نەك مەتنەکە، واتە فەرموودەیەك باوە کە لە چەند ڕێگایەك هاتووە تا دەگاتە سەر صەحابەیەك، بەڵام کەسێکی تر هەمان مەتن بە ڕێگایەکی تر هەمان فەرموودە ڕیوایەت دەکات، لەو حاڵەتە دەگوترێ سەنەدەکەی غەریبە[2]. ئینجا ئەگەر(غرابة/یەك کەس) لەئەصلی سەنەدەکەبێ واتە لەنێو هەموو ئەو صەحابانە یەك صەحابی فەرموودەکە ریوایەت بکات ئەوە پێی دەگوترێ (الغرابة المطلقة)، وە ئەگەر لە (چینێك لە چینەکانی) ڕاویەکان بێ جگەلە چینی (صحابە) پێی دەگوترێ (الغرابة النسبية).

(١) منهج النقد في علوم الحديث (ص: ٣٩٧).

(٢) منهج النقد في علوم الحديث (ص: ٣٩٧).

## وكلُّ مَا لَمْ يَتَّصِلْ بِحَالِ ** إسْنَادُهُ (مُنْقَطِعُ) الأوْصَالِ

دوای ئەوەی باسی (غریب)ی کرد ئینجا باس لە (المنقطع) دەکات و دەفەرموێ:

وكلُّ مَا لَمْ يَتَّصِلْ..... هەموو ئیسنادێك کەلەنی تێکەوت و کەسی ڕاوی بەوەی سەرووی خۆی نەلکێندرابێ ئەو سەندە (منقطع/پچراو)ـە، جا پچرانی سەنەد (مرسل و معلق و معضل) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەشوێنی خۆی باسیان دەکەین ان شاء الله. کەوابوو منقطع وەسفی سەنەدە بۆیە زانایان دەفەرموون ئەگەر لە سەنەدەکە دوو کەس یان زیاتر کەوتبوون بەو مەرجەی لەدوای یەکتر نەبن ئەوە ئەو سەنەدە (منقطع)ـە. ئینجا (الأوصال) کۆی (وصل)ـە چۆن جەستەیەك دەست و پەلی لەیەك ترازابن ئاواش سەنەدی (منقطع) لەیەك ترازایە.

جیاوازی نێوان (منقطع و مقطوع): ئەوەی یەکەم **(منقطع)** لەئیسنادە، ئەوەی دووەم **(مقطوع)** لەمەتنە، ئینجا هەندێك لەزانایان (مقطوع) و (مرسل) بەیەك مانا بەکار دەهێنن بەوەی کە هەردووکیان لەسەر تابیعی یان خوار تابیعی دەوەستێ، بەڵام دەتوانین بڵێین مانای هاوبەش لەنێوان (مرسل) و (منقطع) هەیە، (مرسل) گوتەی تابیعییە بەڵام (مقطوع) گوتەی تابیعی و خوار تابیعیشە کە خوار تابیعی پێی ناگوترێ (مرسل). نموونەی فەرموودەی (منقطع):

(عن عبدالرزاق، عن سفيانَ الثوري، عن أبي إسحاق، عن زيد بن يُثَيْع، عن

حذيفةَ، قال: قال رسول الله (ﷺ): إن وليتموها أبا بكرٍ فقويٌّ أمـين)... ئەگەر سەيری ئەو ئیسنادە بکەی وەکـو ئیسـنادێکی (متصـل) خـۆی نیشـان دەدات، بەڵام لەڕاستیدا دوو پچڕانی تێدایە، (عبدالرزاق) گوێی لە ئیمام (ثوري) نەبووە بەڵکو لە (النعمان بن أبي شيبة)ی بیستووە، ئەویش لە (ثوري)ـی بیستووە، وە ئیمامی (ثەوري) ئەویش بەهەمان شێوە لە (أبو إسحاق)ـی نەبیستووە بەڵکو لە (شەريك)ـی بیستووە، ئەو لە (أبو إسحاق)ـی بیستووە[1].

کەوابـوو ئەگەر ئیسـنادەکە لە سـەرەتای سـەنەدەکە کەلەنـی تێکەوتبـوو پێـی دەگوترێ (معلق)، واتە هەڵواسراو، وەکو ئەوەی ئیمام بوخاری فەرمـوودەیەك لە شـەیخی شـێخەکەی بگێـڕێتەوە، واتە نێـوان ئیمـامی بوخـاری و شـێخی شێخەکەی کەسـێك کەوتـووە یـان هەر ڕاسـتەوخۆ لەپێغەمـبەری خـوا (ﷺ) فەرموودەیەك بگێڕێتەوە ئەوە پێی دەگوترێ (معلق/هەڵواسراو)، بێ گومان ئەوە دەچێتە چوارچێوەی فەرموودەی لاواز، بەڵام ئەوەی پێـی دەگـوترێ (معلقـات البخـاري) ئیمـام لەشـوێنی تـر سـەنەدەکەی بەتەواوی گێـڕاوەتەوە و (معلقات/هەڵواسراوەکان)ـی ئیمام بوخاری صاغن.

(١) مقدمة ابن الصلاح ومحاسن الاصطلاح (ص: ٢١٣) وە الباعث الحثيث إلى اختصار علوم الحديث (ص: ٥٠).

## (والْمعْضَلُ) السَّاقِطُ مِنْهُ اثْنَانِ ** ومَا أتى (مُدَلَّساً) نَوعَانِ

دوای ئەوەی باسی (المنقطع)ی کرد ئینجا باسی (المعضل) دەکات و دەفەرموێ:

(والْمعْضَلُ) السَّاقِطُ مِنْهُ اثْنَانِ... لەزمانی عەرەبی ئەگەر ئافرەتێك لەکاتی منداڵ بوون بمرێ و منداڵەکەی نەبێ ئەوە پێی دەگوترێ (المُعضِّلة)[(١)]، وە ئەگەر کێشەیەکیش زۆر گەورەبێ و چارەسەری ئەستەم بێت دەگوترێ ئەوە (معضلة)یە[(٢)]. ئەوە لەڕووی زمانەوانی؛ بەڵام وەکو چەمك (المعضل) بەو سەنەدە دەگوترێ کە دوو کەس لەسەنەدەکە کەوتوون یەك لەدوای یەك، واتە مەرجی ئەوەیە کەیەك لەدوای یەك کەوتبن، بەپێچەوانەی (المنقطع) کە باسمان کرد مەرج نییە کەسەکانی لەدوای یەك کەوتبن، بەڵام لەوەسفی (معضل) دەبێ دوو کەس یەك لەدوای یەك کەوتبن.

إِنْ كانَ باثنَيْنِ فصاعِداً، مَعَ التَّوالي، فهو (المُعْضَل)[(٣)]، واتە: ئەو جۆرە ئیسنادە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و بێگومان لەچوارچێوەی (لاواز)دا خۆی دەدۆزێتەوە.

نموونەیەك لەسەر فەرموودەی (المعضل): شێخی ئەلبانی باسی ئەو

---

(١) لسان العرب (١١/ ٤٥٢).

(٢) مقاييس اللغة (٤/ ٣٤٥).

(٣) نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر (لاپەڕە/ ١٠٢). التقريرات السنية شرح المنظومة البيقونية في مصطلح الحديث (ص: ٧٠).

فەرموودەیە دەكات و ئینجا دەفەرموێ (ضعیف/لاواز)ـە:

(خیر السودان أربعة: لقمان، والنجاشي، وبلال، ومهجع ). ئیسنادی فەرموودەكە بەو جۆرە هاتووە: أخرجه ابن عساكر (١٠/٣٣٠/٣٣١) من طریق أبي صالح عن معاوية عن الأوزاعي، قال: قال رسول الله (ﷺ): فذكره.

شێخ دەفەرموێ: ئەو ئیسنادە (معضل)ـە لەبەرئەوەی ئیمام ئەوزاعی كە ناوی (عبدالرحمن بن عمرو)ـە لە شوێنكەوتەی تابیعیەكانە: (قلت: وهذا إسناد معضل كما قال السيوطي في (الجامع) لأن الأوزاعي واسمه، عبد الرحمن بن عمرو من أتباع التابعين)[1]. دوو كەس لەو ئیسنادە كەوتوون یەك لەدوای یەك (تابیعیەك و صەحابیەك)، كەوابوو ئەو جۆرە ئیسنادە پێی دەگوترێ (معضل).

ومَا أتى (مُدَلَّساً) نَوعَانِ...

(تەدلیس) ئەو كاتەیە كە (تاریك و ڕوونە)، ئاكارەكان جوان دەرناكەون، بۆیە (تەدلیس) لە فرۆشتن شاردنەوەی كەموكوڕی كاڵایە لەلایەن فرۆشیار بەشێوەیەكی وا كە كڕیار هەستی پێنەكات: (وَمِنْهُ التَّدْلِيسُ فِي الْبَيْعِ، وَهُوَ أَنْ يَبِيعَهُ مِنْ غَيْرِ إِبَانَةٍ عَنْ عَيْبِهِ، فَكَأَنَّهُ خَادَعَهُ وَأَتَاهُ بِهِ فِي ظَلَامٍ)[2].

ئینجا تەدلیس لە زانستی فەرموودەدا ڕاوی هەوڵدەدات (كەموكوڕی سەنەدەكەی بشارێتەوە، یان هەوڵ دەدات ناوی شێخەكەی بشارێتەوە، زانایان

---

(١) سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة (٣/ ٦٥١).

(٢) مقاييس اللغة (٢/ ٢٩٦).

باسی ئەوەیان کردووە ئەگەر(تدلیس/شاردنەوە) بەمەبەستی داپۆشینی لاوازی فەرموودە بێت ئەوە بێگومان جائیز نییە و حەرامە، بۆیە زۆرێك لەزانایان حوکمی زۆر توندیان لەسەر ئەو جۆرە کەسانە داوە کە ناسراوان بەو جۆرە تەدلیسە.

**الأوَّل الإسْقاطُ للشَّيخِ وأنْ ** يَنْقُلَ مِّمنْ فَوْقَهُ بعَنْ وأنْ**

**والثَّانِ لا يُسْقِطُهُ لكنْ يَصِفْ ** أوْصَافَهُ بما بِهِ لا يَنْعَرِفْ**

باسی تەنها دوو جۆری تەدلیسی کردووە:

**یەکەم: الأوَّل الإسْقاطُ للشَّيخِ...** خستنی شێخەکەی خۆی: باسی شێخی شێخەکەی خۆی دەکا بە (عن / لە فڵانەکەس) یان (أن/فڵانەکەس وای گوت) بۆ شاردنەوەی شێخەکەی، هەروەکو باسمان کرد ئەگەر شێخەکەی لاوازە بۆیە دەیشارێتەوە بۆ شاردنەوە و پەردە پۆشی لاوازیەکە ئەوە حەڕامە و جائیز نییە بەهیچ جۆرێك، (تەدلیس) لەئیسنادە و (ئیمام شەعبی) زۆر توند بووە لەسەر ئەو کەسانەی کە بەو کارە هەڵدەستن، هەروەها ئیمام شافیعی ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ دەفەرموێ: (تدلیس) برای درۆیە (التَّدْلِيسُ أَخُو الْكَذِبِ)، هەندێکیش دەفەرموون ئیمامی شافعی نەقلی ئەو گوتەیەی کردووە، واتە پێش ئەویش ئیمامەکان وایان فەرمووە[١].

**جۆری دووەم: والثَّانِ لا يُسْقِطُهُ...** شێخەکەی خۆی ناخا، **(لكنْ يَصِفْ أوْصَافَهُ بما بِهِ لا يَنْعَرِفْ)** بەڵام بەوەسف و ناوێك باسی دەکا کە نەناسرێتەوە[٢]، ئینجا مەرج نییە ئەوانەی تەدلیس دەکەن هەر هەموویان درۆزن بن، بەڵکو جار جار هەندێ هۆکار هەبووە وای کردووە ڕاوی ناوی شێخەکەی خۆی بشارێتەوە

---

(١) مقدمة ابن الصلاح /معرفة أنواع علوم الحديث لاپەڕە ٧٤.

(٢) الباعث الحثيث إلى اختصار علوم الحديث (ص: ٥٣).

یان به وەسف و ناوێك باسی بكات كه نەزانرێ لەگەڵ ئەویانه، دوور نییه جارجار هۆكاری سیاسی بێ وەكو ئەو فەرموودەیەی كه ئیمام مالیك له عەكرەمەی دەگێڕێتەوە كه ناوەكەی دەشارێتەوە و دەفەرموێ: (مَالِكٌ، عَنْ دَاوُدَ بْنِ الْحُصَيْنِ، قَالَ: أَخْبَرَنِي مُخْبِرٌ، أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَبَّاسٍ كَانَ يَقُولُ: دُلُوكُ الشَّمْسِ: إِذَا فَاءَ الْفَيْءُ. وَغَسَقُ اللَّيْلِ: اجْتِمَاعُ اللَّيْلِ وَظُلْمَتُهُ)[١].

(أخبرني مخبر) مەبەست پێی (عكرمة)یە، بەڵام لەبەر ئەوەی كێشەیەك لەنێوان (سعیدی كور موسەیب و عیكرەمە) هەبوو ئیمام مالیك لەو شوێنه حەزی نەكردووە ناوی عیكرەمە بهێنێ، دواتر لەشوێنێ تر له (موطأ) ناوی دەهێنێ، هەندێك لەزانایان دەفەرموون تۆمەتی (خەواریج) بوون درابووە پاڵ (عیكرەمە) بۆیە ئیمام مالیك لەو شوێنه ناوی نەهێناوە، بەڵام (عیكرەمە) ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەر بێ زانایەكی گەورەی ئەو ئوممەتەیە، ڕاسترین ڕێگایە بۆ گەیشتن به بیروبۆچونەكانی (إبن عباس) لەتەفسیر[٢].

كەوابوو (تدلیس) دوو جۆری هەیە، یەكیان خستنی شیخەكەیە بەهەر هۆكارێك بێ، دووەمیان شاردنەوەی شێخەكەیەتی یان بەشێوازێكی وا فەرموودەكە دەگێڕێتەوە وەكو بڵێی گوێی له كەسێكی متمانه پێكراو بووە بەڵام لەڕاستیدا لەوی نەبیستووە بەڵكو لەیەكێكی تری بیستووە.

(١) موطأ مالك (٢/ ١٦).

(٢) التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد (٢/ ٢٧).

**ومَا يَخالِفُ ثِقةٌ فيهِ الَملا ** فـ(الشَّاذُّ) و(الَمقْلوبُ) قِسْمَانِ تَلا**

**إبْدَالُ راوٍ ما بِرَاوٍ قِسْمُ ** وقَلْبُ إسْنَادٍ لمتنٍ قِسْمُ**

لەباسی مەرجەکانی فەرموودەی (صحیح/صاغ) باسـی دوو مەرجمـان کـرد کە دەبێ (عیلەدار) نەبێ و دەبێت (شاز/ پێچەوانەی باو) نەبێت، ئینجا گوتمان کە ڕیوایەتی(شاز) مەرجە تێیـدا کەسـەکە پـێچەوانەی لەخـۆی متمـانە پێکراوتـر بکات و نموونەشمان بۆی هێنایەوە.

و(الَمقْلوبُ) قِسْمَانِ تَلا... ڕیوایەتی (وەرگەڕاو) دەکرێتە دوو بەش کە باسـیان دەکات.

(إبْدَالُ راوٍ ما بِرَاوٍ قِسْمُ): گۆڕینی ناوی یەکێك لەڕاویەکانی سەنەد بە نـاوێکی تر، بۆ نموونە ناوی (سەلەمەی کوڕی یەزید) جارجار کراوە بە (یزیدی کوڕی سەلەمە) [(١)]

(وقَلْـبُ إسْـنَادٍ لمـتنٍ قِسْـمُ): یـان گـۆڕینی (سند/ڕێگا)ـــی فەرمـوودەیەك و تێکەڵکردنی لەگەڵ (مەتنێك) کە لەڕێی سـەنەدێکی تـرەوە هـاتووە، وەکـو ئەو تاقی کردنەوەی کە کاتی خۆی خەڵکی (بغداد) کردیان بـۆ ئیمـام بوخـاری کە (مەتن/ناوەڕۆك)ـــی فەرموودەکەیـان لەگەڵ (سند/ڕێگا)ـــی فەرمـوودەی تـر تێکەڵ کرد تاوەکو (دەرخی) ئیمام بوخـاری دەرکەوێ، ئیمـام بوخـاری ڕەزا و

(١) سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها (٤/ ٦٦٥).

ڕەحمەتـی خـوای گەورەی لەسـەربێ هەر لەو مەجلیسـە هەر هەمـووی چـاك کردەوە و (مەتن/ناوەڕۆکەکان)ـی لکانـدەوە بە (سـند/ڕێگا) ڕاسـتەی کە لێـی هاتوون.

ئینجا زۆر جار (زەندیقەکان) ڕوویـان کـردۆتە (سەنەد/ڕێگا)ـــیەکی ڕاسـت و صاغ و (مەتن/ناوەڕۆك)ـێکی هەڵبەستراویان پێـوە لکانـدووە، ئەوەش دیسـان بۆیان نەچۆتە سەر لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە پیلانەکانیان تێـپەڕکەن و هەر زوو زانایانی فەرموودەناسی ئاشکرایان کردوون.

## وَ(الفَرَدُ) ما قَيَّدْتَهُ بِثِقَةٍ ** أوْ جَمعٍ أوْ قَصرٍ على روايةٍ

(الفَـرَدُ) واتە:یەك كەس. زانایـان ئەو جـۆرە ئیسـنادەیان كـردۆتە دوو بەش: یەكەمیان ناو ناوە (الفرد المطلق/ تاكی ڕەها، بێ سنوور). ئەوەی دووەمیان ناو ناوە (الفرد النسبي/ تاكی خستنە پاڵ).

**جۆری یەكەم: (الفرد المطلق/ تاكی ڕەها، بێ سنوور):** ئەو فەرمـوودەیەیە كە تەنها لەڕێی یەك صەحابە هاتووە، ئەگەر چەند تابیعیەكیش لێی بگێڕنەوە گرنگ ئەوەیە لە چینی صەحابەكان تەنها یەك صەحابە ئەو ریوایەتەی فەرمووە.

(حَدَّثَنَا الحُمَيْدِيُّ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الزُّبَيْرِ، قَالَ: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، قَالَ: حَدَّثَنَا يَحْيَى بْـنُ سَعِيدٍ الأَنْصَارِيُّ، قَالَ: أَخْبَرَنِي مُحَمَّدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيُّ، أَنَّهُ سَـمِعَ عَلْقَمَـةَ بْـنَ وَقَّاصٍ اللَّيْثِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى المِنْبَرِ قَـالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ).[1]

ئەو فەرموودەیە لە چینی صەحابە تەنها (ئیمام عمر) ریـوایەتی كـردووە، وە لە ئیمامی عمر تەنها (عەلقەمەی كوڕی وەقاصی لەیسی) ریوایەتی كردووە، وە لە عەلـقەمە تەنهـا (محمـد كـوڕی ئیبراهیمـی تەیمـی) ریـوایەتی كـردووە، وە لە محمدی كوڕی ئیبراهیم تەنها (یەحیای كوڕی سەعیدی ئەنصـاری) ریـوایەتی

---

(١) رواه البخاري.

کردووە، ئینجا خەڵکێکی تر لە یحیایان ڕیوایەت کردووە[1].

**جۆری دووەم: (الفرد النسبي/ تاکی خستنە پاڵ):** مەبەستمان لە خستەپاڵ واتە (نسبەیە بۆ فڵان کەس)، یانی سنووردار نییە بەڵکو لە چوارچێوەی کەسێکدا ئەو سیفەتەی وەرگرتووە.

نموونەی (الفرد) النسبي: (أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله...)، ئەو فەرموودەیە شەیخان لەچەند صەحابەیەك ڕیوایەتیان کردووە، بەڵام لە یەکێك لەڕیوایەتەکانی صەحیحی مسلم تەنها یەك کەس ڕیوایەتی کردووە لە (عبدالملك بن الصباح)، ئەو کەسەش ناوی (ابو غسان المسمعي)ـیە.

---

(١) فتح المغيث بشرح ألفية الحديث (٤/ ٦).

## ومَا بعِلَّةٍ غُمُوضٍ أوْ خَفَا ** (مُعَلَّلٌ) عِنْدَهُمُ قَدْ عُرِفَا.

له باسی مەرجەكانی فەرموودەی (صحیح/صاغ) باسی ئەو (عیللەمـان) كـرد و گوتمان ئەو زانستە زۆر وردە و تەنها گەورە زانایان قسەیان لەسـەر كـردووە و كتێبی تایبەتیان لەسەر نوسیوە، وەكو (علـی كـوڕی مەدینـی و ئیمـام أحمـدی كوڕی حەنبەل و ئیمامی بوخاری و ئیمامی دارەقـوتنی و ئیمـام أبـو زورعە و أبو حاتم رازی...)، بۆ مانای (عیللە) بگەڕێوە سەر مەرجەكانی (صحیح) لەوێ باسمان كردووە.

تێبینی: لەگەڵ مەرجـی صـەحیح باسـی (عیللە)مـان كـرد لەبەر ئەوەی وامـان بەچاك زانی خوێنەر لەمانای (صحیح) بەتەواوی نەدەگەیشت ئەگەر شـەرحی (عـیللە و شـذوذمان) لەگەڵـی نەكردبـایە، بـۆیە ئەو دوو بابەتەمـان لەوێ پێشخست.

## وذُو اخْتِلافِ سنَدٍ أو مَتْنِ ** (مُضْطربٌ) عِنْدَ أهْلِ الفَنِّ

ئینجا باسی باسی فەرموودەی (مضطرب/ تێكچوو) دەكات و دەفەرمویٚ:

وذُو اخْتِلافِ سنَدٍ أو مَتْنِ... واتە: هەر كاتێك (سەنەد) یـان (مەتن)ـێك تێك چـوو بـوو بەو مانـایەی ڕاوی هەرجـارە و بەجۆرێـك ڕیـوایەتی دەكـات بەشێوەیەكی ئـاوا نەتـوانریٚ ڕێگـا چـارەیەك بـدۆزرێتەوە بـۆ ڕێكخسـتنەوەی (سەنەد)ـەكە یـان (مەتن)ـەكە ئەوە ئەو كـات دەگـوتریٚ ئەو فەرمـوودەیە (مضطرب/تێك چووە) وەرناگیریٚ.

پرسـیار لە ئیمـامی دارەقـوتنی دەكـریٚ دەربـارەی ئەو فەرمـوودەیە كە گـوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (أَنَا مَدِينَةُ الْحِكْمَةِ، وَعَلِيٌّ بَابُهَا، فَمَـنْ أَرَادَ الْمَدِينَـةَ فَلْيَأْتِهَـا مِـنْ بَابِهَـا). ئیمـامی دارەقـوتنی دەفەرمـویٚ سـەنەدی ئەو فەرموودەیە (تێكچوو/مضطرب)ـە[١].

وە دەربارەی فەرموودەی (تێكچوو/مضطرب) لە مەتـن وەكـو ئەو فەرمـوودەیە كە حەنەفی مەزهەبەكان دەڵێن مەتنەكەی تێك چووە لەبەر ئەوەی هەر جارە و بەمیقدارێك و بەبڕێك باسی كراوە: (إذا كان الماء قلتين لـم يحمـل الخبـث). رواه الخمسـة فهـو مضـطرب سـندا ومتنـا[٢]... گەر چـی چەنـد ئیمامێـك ئەو فەرموودەیەیان بەڕاست زانیوە لە چەند ڕێگایەكی ترەوە صاغیان كردۆتەوە بۆیە

---

(١) علل الدارقطني/العلل الواردة في الأحاديث النبوية (٣/ ٢٤٧).

(٢) بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع (١/ ٧٢). تمام المنة في التعليق على فقه السنة (ص: ٤٦).

شیخی ئەلبانی دەفەرموێ لەڕێگای تر بەصەحیحی هاتووە.

مەبەستمان نموونە هێنانەوەیە لەسەر(تێکچوون لەمەتـن) کە (قلتـین) بەچەنـد ڕێژەیەك هاتووە (ثلاث قلال) یان (أربعين قلة) هاتووە[١].

کەوابوو ئەو فەرمـودانەی (سـند/ڕێگا) یـان (متن/ناوەڕۆك)ـەکەی تێکچـووە ئەوەیە مەبەستی کە دەفەرموێ: (مُضْطربٌ) عِنْدَ أهْلِ الفَنِّ...

(١) (شرح المنظومة البيقونية في مصطلح الحديث, جمع وترتيب عبدالله سراج الدين).

## وَ(الْمدْرَجاتُ) في الحديثِ ما أتَتْ ** مِنْ بَعْضِ ألفاظِ الرُّوَاةِ اتَّصَلَتْ

(مـدرج) تـێكەڵ بـوونە، واتە هەنـدێك لەقسـەكانی ڕاوی تێكەڵـی (مەتـن/ ناوەڕۆك)ـەكە بووە[1]، ئەویش دەبێتە دوو جۆر:

**جۆری یەكەم: (تێكەڵ بوون/مودرەج) لە مەتن:** بۆ نموونە ئەو فەرمـوودەیەی ئیمام احمد دەیگێڕێتەوە لە ئەبو هورەیرە: (أن النبي (ﷺ) قال: إن أمتي يـأتون يوم القيامة غرا محجلين من آثار الوضوء، فمن استطاع مـنكم أن يطيـل غرتـه فليفعل).[2] زانایان دەفەرموون هەر ئەوەندە (إن أمتي يـأتون يـوم القيامـة غـرا محجلين من آثار الوضوء) فەرمـوودەی پێغەمـبەری خـوایە (ﷺ)، ئەوەی تـر (فمن استطاع منكم أن يطيل غرته فليفعل) ئەوە قسەی یەكێك لە ڕاویەكـانە و تێكەڵی (مەتن/ناوەڕۆك)ـەكە بووە[3].

نموونەیەكی تر ئەو فەرموودەیەی كە باس لەپێغەمبەری خوا دەكات (ﷺ) بەر لەوەی وەحی بۆ بێت لەئەشـكەوتی (حـرا) كە حەزی بەتەنهـایی دەكـرد: (ثُـمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلَاءُ، فَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ يَتَحَنَّـثُ فِيـهِ - وَهُـوَ التَّعَبُّـدُ - اللَّيَـالِيَ أُوْلَاتِ الْعَدَدِ، قَبْلَ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى أَهْلِهِ وَيَتَـزَوَّدُ لِـذَلِكَ)[4]... زانایـان دەفەرمـوون ئەوەندە(وَهُوَ التَّعَبُّدُ - اللَّيَـالِيَ أُوْلَاتِ الْعَـدَدِ) ئەوە تەفسـیری ئیمـامی زوهـریە

---

(١) نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر (لاپەڕە ٩٤).

(٢) رواه أحمد والشيخان.

(٣) تمام المنة في التعليق على فقه السنة (ص: ٩٢).

(٤) صحيح مسلم (١/ ١٤٠).

کەوتۆتە نێو مەتنەکە لەبەر ئەوەی تەفسیری مانای (يَتَحَنَّثُ)ـی کردووە.

ئینجا جار جار تێکەڵ بوونەکە دەکەوێتە سەرەتای (مەتن/ناوەڕۆك)ـەکە یان دەکەوێتە ناوەڕاستی (مەتن/ناوەڕۆك)ـەکە یان دەکەوێتە کۆتایی (مەتن/ناوەڕۆك)ـەکە.

**جۆری دووەم: (تێکەڵ بوون/مودرەج) لە (سەنەد/ڕێگا)کەیە:** ئەوەش کاتێك دەبێ کە (ڕاوی) دوو فەرموودە دەگێڕێتەوە، دوو (مەتن/ناوەڕۆك)ـی لەیەك جودا بەدوو (سند/ڕێگا)ی جیاواز، بەڵام یەکێك دێت (ڕێگاکان/سەنەدەکان) تێکەڵ دەکات و ناوەڕۆکێك لەو دوو ناوەڕۆکەی پێ دەگێڕێتەوە.

## ومَا رَوى كلُّ قَرِينٍ عنْ أخهْ ** (مُدَبَّجٌ) فَاعْرِفْهُ حَقًّا وانْتَخِهْ

(المدبج) بەو جۆرە فەرموودەیە دەگوترێ کە دوو ڕاوی لەیەکی بگێرنەوە، بۆ نموونە (دایکی بڕواداران عائشة و أبو هريـرة) کە فەرمـوودە لەیەك بگێـرنەوە بەهێزی ئەو فەرموودەیەی تێدایە، (المدبج) لەزمـانی عەرەبـی لە چـاککردن و جوانکردن هاتووە، بۆ نموونە دەگوترێ: (دبَّجَ الشَّيءَ: حسّنه، جوّده ونمَّقه)[(١)].

واتە ئەو ڕیوایەتـانە هەنـدەی تـر جـوان دەبـێ کە هەردووکیـان لەیەکیـان گێڕاوەتەوە ڕیوایەتەکان بەهێز تر دەکات، واتە کاتێك (أبو هريـرة) دەگێـڕێتەوە کە دایکی بڕواداران عائیشە لە پێغەمبەری خوای گێڕاوەتەوە یان بەپـێچەوانەوە دایکـی بـڕواداران لە (أبـو هريـرة) بگێـڕێتەوە ئەویـش لەپێغەمـبەری خـوای بگێڕێتەوە، وە هەروەها لەتابیعیەکانیش فەرمـوودەی (المـدبج) دەبێـت، وەکـو ڕیوایەتی (محمدی کوڕی شهابی زوهـری لە عمـری کـوڕی عبـدالعزيز)، وە ڕیوایەتی (عمری کوڕی عبدالعزيز لە محمدی کوڕی شهابی زوهری).

بۆ نموونە (أبو هريرة) ئەو فەرموودەیە دەگێـڕێتەوە لە دایکـی بـڕواداران: (عَـنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَـنْ عَائِشَـةَ، قَالَـتْ: فَقَـدْتُ رَسُـولَ اللـهِ (ﷺ) لَيْلَـةً مِـنَ الْفِـرَاشِ فَالْتَمَسْتُهُ فَوَقَعَتْ يَدِي عَلَى بَطْنِ قَدَمَيْهِ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ وَهُمَا مَنْصُـوبَتَانِ وَهُـوَ يَقُولُ: (اللهُمَّ أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ

---

(١) معجم اللغة العربية المعاصرة (١/ ٧١٩).

لَا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ)[١].

هەروەها (دایكی بڕوادارن عائیشە) پرسیار دەكات لە (أبـو هریـرة) كە تـۆ ئەو فەرموودەیەت لە پێغەمبەری خوا گێڕاوەتەوە (ﷺ) كە دەفەرموێ: (عن علقمةَ أنَّ عائشَةَ قالت لأبي هُريرَةَ: أنت حَدَّثت عن رسولِ اللَّه (ﷺ): أنَّ امرأةً عُذِّبت في هِرَّةٍ؟ فقال: سمعتُ رسولَ اللَّهِ (ﷺ) يقولُ ذلك الحديث)[٢]. هەروەهـا زۆر جار دوو كەس هاوشانی یەكن فەرموودە لەیەك دەگێرنەوە یان گەورە لەبچوكی گێڕاوەتەوە یان باوك لە كوڕی گێڕاوەتەوە، هەموو ئەو جـۆرانە پێـی دەگـوترێ جۆرەكانی (الاقران).

فَاعْرِفْهُ حَقًّا وانْتَخِهْ: واتە ئەو جـۆرە فەرمـوودە بناسـە و (وانتخـه) زوو خـۆتی بگەیەنێ و بیـرفێنە لەبەر ئەوەی (نتخـه) بەو مانـایە دێ، بـۆ نموونە عەرەب دەڵێن نَتَخَتْه المَنيَّةُ من بَين قَومه[٣].

(١) صحيح مسلم (١/ ٣٥٢).

(٢) المدبج ورواية الأقران (لاپەڕە ١٩).

(٣) تاج العروس (٧/ ٣٥١).

## مُتَّفِقٌ لَفْظاً وخطاً (مُتَّفِقْ) ** وضِدُّهُ فيما ذَكَرْنَا (الُمفْتَرِقْ)

(متفق) لەناوی ڕاویەکان کە وەکو یەك دەنوسرێن و وەکو یەك دەخوێنرێنەوە ئەوەیە مەبەستی (لَفْظاً وخطاً)، ئەو بەشەش لەزانستی فەرموودە بەشێکی زۆر گرنگە، ئیمام خەتیبی بەغدادی ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێ کتێبێکی تایبەتی لەو بوارەوە نوسیوە بەناوی (المتفق والمفترق)، هەر لەسەرەتای کتێبەکە باسی گرنگی ئەو زانستە دەکات و دەفەرموێ: ئەوەندە وردە زانا و ئیمامێکی گەورەی وەکو (یحی کوڕی معین) کەوتۆتە هەڵە لەناوێك لەناوەکان، ئینجا باسی فەرموودەیەك دەکات کە ئیمام مالك گێڕاویەتەوە لە کەسێك بەناوی (عبدالملك بن قریر)، ئیمام (یحی) بەهەڵە حاڵی بووە و لەگەڵ (عبدالملك بن قریب) لێی تێکەڵ بووە، ئەو کەسە (ئەصمەعی شاعیر و زمان زان بووە)، ئینجا ئیمام خەتیبی بەغدادی دەفەرموێ: (فاذا كان يحيى بن معين لم يسلم من الوهم مع ثبوت قدمه فى هذا العلم، لادنى شبهة دخلت عليه من قبل كلام وقع اليه، فكيف يكون حال من هو دونه، اذا ورد إسمان فى كل جهة متفقان نسبا وتسمية، وطبقة، ورواية، إن وقوع الاشكال يكون أكثر). ئینجا باسی ئەو کەسانە دەکات کە ناویان (أنس کوڕی مالیك)ـە و دەفەرموێ پێنج ناومان هەیە بەو ناوە، باسی ئەو کەسانەش دەکات کە ڕیوایەتیان لەهەر یەك لەوانە گێڕاوەتەوە[1].

(١) المتفق والمفترق/ لاپەڕە ١١١ جڵدی ٢.

کەوابوو ئەو بەشەی زانستی فەرمووده زۆر گـرنگە و دەبێـت قوتـابی زانسـتی شەرعی لەو بابەتە بکـۆڵێتەوە، مەرج نیـیە لە هەر فەرمـوودەیەك باسـی (أنـس کوڕی مالك) کرا مەبەست پێی ئەو (أنس)ـە بێت کە خزمەتکاری پێغەمـبەری خوا بووە (ﷺ). ئینجا زۆر جار ناوی (کەسەکە و ناوی باوك و باپیریان) وەکو یەکە یان زۆرجار ناوی کەسەکە و (نازناوی) وەکو یەك دەبێت، کە بێ گومـان بۆ جوداکردنەوەیان دەبێت شارەزایەکی چاکمان هەبێت لە مێژووی ڕاویەکان.

## (مُؤْتَلِفٌ) مُتَّفِقُ الخطِّ فَقَطْ ** وضِدُّهُ (مُختَلِفٌ) فَاخْشَ الغَلَطْ

ئینجا باسی جۆرێکی تر دەکات ئێستاکە لەو زەمەنە (الحمدللـه) زۆربەی ئەو کێشانە حەل کراوە مەگەر لە (دەستنوسـە زۆر کۆنەکـان) مـابێ، ئەو جـۆرە بە شکڵ و نوسین وەکو یەکن بەڵام بەخوێندنەوە جیاوازە، وەکو (حـازم و خـازم) یان (عُمارة و عِمارة) یان (حیزام و حیرام)، ئەو ناوانە بە(رەسـم/خەت) وەکـو یەکن بەڵام بەخوێندنەوە لەیەك جیاوازن، ئەو کێشانە کاتێك لەئارادا بـوون کە پیتەکان (خاڵبەندی) نەکرابوون، ئەگەر ئەو خاڵ دانانە نەبوایە دەبـوایە تەنهـا بەبیستن ئەو ناوانە لەیەك جودا بکەینەوە.

(مُختَلِفٌ) فَاخْشَ الغَلَطْ.... واتە ئاگاداری ئەو جۆرە هەڵانەبە.

## (والْمنْكَرُ) الفَردُ بِهِ رَاوٍ غَدَا ** تَعْدِيلُهُ لا يْحمِلُ التَّفَرُّدَا

(الْمنْكَرُ): دان پیانەنراو یان نەبیستراو، ئێمە لەمانای (شاز/نامۆ) گوتمان موخالەفەی کەسێکی متمانە پێکراو بۆ کەسێك کە لەو متمانە پێکراوتر بێت، بەڵام (المنكر) مخالەفەی کەسێکی لاوازە بۆ کەسێکی متمانە پێکراو، واتە (شاز و منكر) وەکو یەك نین.

(أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عُمَرَ بْنِ عَلِيِّ بْنِ عَطَاءِ بْنِ مُقَدَّمٍ، قَالَ: حَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ قَيْسٍ، قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامَ بْنَ عُرْوَةَ، يَذْكُرُ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): كُلُوا الْبَلَحَ بِالتَّمْرِ، فَإِنَّ ابْنَ آدَمَ إِذَا أَكَلَهُ غَضِبَ الشَّيْطَانُ وَقَالَ: عَاشَ ابْنُ آدَمَ حَتَّى أَكَلَ الْخَلَقَ بِالْجَدِيدِ)[1]. کێشەی ئەو جۆرە سەنەدانە کەسێکی وەکو (یحی کوڕی محمد کوڕی قەیسە) کە بە (أبو زكير) ناسراوە، کەسێکە لاوازە و تەنها گێرانەوەی بۆ فەرموودە قبوڵ ناکرێ بۆیە شێخی ئەلبانیش دەربارەی دەفەرموێ: وهو صاحب مناكير[2].

---

(١) السنن الكبرى للنسائي (٦/ ٢٥٠).

(٢) سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة (١٣/ ١٨٣).

## (مَتْرُوكُهُ) مَا وَاحِدٌ بِهِ انفَرَدْ ** وأجْمَعُوا لِضَعْفِهِ فَهُوَ كَرَدّ

(مَتْرُوكُهُ): واته ئەوەی وەرناگیرێ و تەرك دەكرێ لە فەرموودە، (وَاحِدٌ بِهِ انفَرَدْ) كەسێك بەتەنها ئەو فەرموودەیەی ڕیوایەت كردووە، (وأجْمَعُوا لِضَعْفِهِ فَهُوَ كَرَدّ) وە زانایانی فەرموودەناسی كۆڕان لەسەر لاوازی ئەو كەسە، بۆیە ڕیوایەتەكەی قبوڵ ناكرێ، بۆ نموونە: ئەو فەرموودەیە كە لە ئەبو هورەیرە ریوایەت كراوە: (عن أبي هريرة مرفوعا: الجار: أربعون دارا هكذا وهكذا وهكذا). ئەو فەرموودەیە لاوازە و قبوڵ ناكرێ، ئیسنادەكەی بەو جۆرەیە: (أخرجه أبو يعلى في (مسنده) عن شيخه محمد بن جامع العطار بسنده عن عبد السلام بن أبي الجنوب عن أبي سلمة عن أبي هريرة قال: قال رسول الله (ﷺ): حق الجار أربعون هكذا وهكذا وهكذا يمينا وشمالا وقدام وخلف).

ئەو فەرموودەیە وەرناگیرێ لەبەر ئەوەی لەئیسنادەكە كەسێكی تێدایە بەناوی (عبد السلام بن أبي الجنوب)، إبن حبان لەكتێبی (كتاب الضعفاء) و (إبن أبی حاتم) لەباوكی دەگێڕێتەوەكە دەربارەی ئەو كەسە فەرموویانە (منكر الحديث)، وە فەرموویانە (متروك الحديث)[1] .

---

(١) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل (٦/ ١٠٠).

## والكذِبُ الْمخْتَلَقُ المصنُوعُ ** علَى النَّبيِّ فذَلِكَ (الموْضُوعُ)

ئینجا باسی فەرموودەی (هەڵبەستراو) دەکات، لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین (هەڵبەستراو) لەڕاستیدا فەرموودە نییە، بەڵام کە لەزانستی فەرموودە باسی دەکرێ لەبەر ئەوەی زۆر جار بەناوی فەرموودە بڵا بۆتەوە و بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لەفەرموودەناسی باسی کراوە، وەگەرنا فەرموودە هی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بەڵام کە (هەڵبەسترا) دیارە هەر لەناوەکەی هی ئەو نییە.

### کورتەیەك دەربارەی فەرمودەی هەڵبەستراو:

ئیمام (النووي) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێ: (وأما الحديث الموضوع فهو المختلق المصنوع وربما أخذ الواضع كلاما لغيره فوضعه وجعله حديثا وربما وضع كلاما من عند نفسه). واتە: فەرموودەی هەڵبەستراو (دانراو) خاوەنەکەی گوتەی کەسێك یا هی خۆی دێنێ و وەك فەرموودە پێشکەشی دەکات. (واعلم أن تعمد وضع الحديث حرام بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ الَّذِينَ يُعْتَدُّ بِهِمْ فِي الْإِجْمَاعِ). ئینجا لە حوکمی ئەو کارە ئیمام دەفەرموێ: بزانە ئەو کارە (واتە فەرمودە دانان) حەرامە بەکۆڕای زانایان. واتە زانایان کۆڕان لەسەر حەرامی کاری دانانان و هەڵبەستنی فەرموودە، تەنها فیرقەی بیدعەچی (الكرامية) بۆچوونی تریان هەیە و دەڵێن: دەکرێ ئەو فەرموودە هەڵبەستراوانە بەکاربهێنین بۆ ترساندنی خەڵك تا دوورکەونەوە لەتاوان و زیاتر هاندانیان بێت بۆ بەهەشت.

ئەو بۆچوونەی ئەوانیش بەڕاستی جەهلە بەدینی خوای گەورە، (تەرغیب و تەرهیب) زۆرە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێویست ناكات پەنا بۆ فەرموودەی هەڵبەستراو ببەین.(١)

كێن ئەوانەی فەرموودە دادەنێن و هەڵی دەبەستن؟

ئیمام (زين الدين أبي الفضل عبد الرحيم بن الحسين العراقي) ناسراو بەحافزی عێراقی دەفەرموێ:

وَالْوَاضِعُونَ لِلْحَدِيثِ أَضْرُبٌ    أَضَرُّهُمْ قَوْمٌ لِزُهْدٍ نُسِبُوا
قَدْ وَضَعُوهَا حِسْبَةً فَقُبِلَتْ    مِنْهُمْ رُكُونًا لَهُمُ وَنُقِلَتْ

لێرە ئیمام ئاماژە بەوە دەكات كە زۆرن ئەوانەی فەرموودەیان هەڵبەستاوە؛ بەڵام لە هەموان خراپتر كەسانێكن بە زوهد و لەخواترسان ناویان ڕۆیشتووە، بۆ دوورخستنەوەی خەڵكی و گێڕانەوەیان لەگوناح فەرمودەیان هەڵبەستاوە، كە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵكی لەڕێی ئەوانەوە متمانە بەو فەرموودە هەڵبەستراوانە بكەن و بڵاوببێتەوە.

فَقَيَّضَ اللَّهُ لَهَا نُقَّادَهَا    فَبَيَّنُوا بِنَقْدِهِمْ فَسَادَهَا

بەڵام خوای پەروەردگار كەسانێكی بۆ ئامادەكردوون ئەو فەرموودە

---

(١) بۆ زیاتری ئەو بابەتە بڕوانە (شرح النووي على مسلم ١/ ٥٦).

هەڵبەستراوانەیان ناسیوەتەوە و جوداکردۆتەوە و حوکمەکەشیان بۆ خەڵکی بەیان کردووە.

هەروەکو ئیمام (الدَّارَقُطْنِيُّ) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەیفەرموو: (يَا أَهْلَ بَغْدَادَ، لَا تَظُنُّوا أَنَّ أَحَدًا يَقْدِرُ أَنْ يَكْذِبَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَنَا حَيٌّ)[(١)]. واتە:هۆ خەڵکی بەغداد کەس وا نەزانێ دەتوانێ درۆ لەسەر پێغەمبەری خوا بکا و منیش لەسەر ژیانبم.

ئیمامی (الدَّارَقُطْنِيُّ) هەندە شارەزابوو لەو بوارەوە هەر زوو فەرمودە هەڵبەستراوەکانی بە خەڵکی دەناساند و جودای دەکردەوە.

بەشێکی تر لەوانەی فەرموودەیان داناوە و هەڵیانبەستووە کەسانێکی زەندیقی دوژمنی ئەو ئیسلامەنە کە بۆ ناشرینکردن و شێواندنی ئیسلام فەرموودەیان هەڵبەستاوە و حەڵاڵیان حەرام کردوە و حەرامیان حەڵال کردووە.

(أخذ هارون الرشيد زنديقا فأمر بضرب عنقه فقال له الزنديق لم تضرب عنقي يا أمير المؤمنين قال أريح العباد منك قال فأين أنت من ألف حديث وضعتها على رسول الله (ﷺ)، كلها ما فيها حرف نطق به رسول الله (ﷺ) قال فأين أنت يا عدو الله من أبي إسحاق الفزاري وعبد الله بن المبارك ينخلانها فيخرجانها حرفا حرفا).[(٢)] واتە: جارێکیان خەلیفە (هارونی ڕەشید) فەرمانی

(١) (فتح المغيث بشرح ألفية الحديث ١/ ٣٢٠).

(٢) (تاريخ دمشق لابن عساكر ٧/ ١٢٧). وه (بڕوانه: تذكرة الحفاظ. للذهبي ١/ ٢٠١).

کرد لەگـەردەنی زەنـدیقێك بـدرێ لەوانـەی کـە فـەرموودەی هەڵبەستراویان دانابوو بۆ ناشـرینکردن و شـێواندنی ئیسـلام، زەندیقەکـەش ووتـی لەبـەرچی لەگەردەنم دەدەی؟ خەلیفە فەرمووی: تاخەڵکی لەشـەڕی تـۆ ڕزگاریـان بێـت، ئەویش ووتی: ئەی چی لەو (١٠٠٠) فەرمودەیە دەکەی کە دامناوە؟ خەلیفە لە وەڵامدا فەرمووی: دوژمنی خوا ئاگات لە عەبـدوڵای کـوڕی موبـارەك و ئـەبو ئیسحاقی فەزاری نییە لێی دەکۆڵنەوە و پیت بەپیت دەری دەهێنن.

ڕەحمـەتی خـوا لـەزانایانی ئیسـلام بێـت، ئـەو ئـەبو ئیسـحاقەیە ئیمـام (فضیل کوڕی عیاض) دەفەرموێ: پێغەمبەرم لەخەو بینی(ﷺ) لەتەنیشتییەوە کـەلێنێك هـەبوو ویسـتم لـەوێ دابنیشـم، پێغەمبـەری خۆشەویسـتمان (ﷺ) فەرمووی: ئەوە شوێنی (أبو إسحاق الفزاري)ـیە ڕەحمەتی خوای لێبێ.

ئەوەی کە شایەنی باسە تا ئێستا مولحید و خوانـەناس و دوژمنـانی ئـەو دینـە زۆربەی ڕەخنەکانیان لەسەر ئەو جۆرە فەرموودانە بینـا کـردووە و سـوود لـەو فەرموودە هەڵبەستراوانە وەردەگرن بۆ دژایەتی ئیسلام.

بەشێکی تر لەوانەی فەرموودەیان هەڵبەستووە کەسانێکی موتەعەصیب بوون بۆ سەرخستنی ڕای ئیمامێك یا مەزهەبێك.

وە بەشـێکی تریشـیان فـەرموودەیان هەڵبەسـتووە بـۆ مـەدحی خەلیفـە و بیروبۆچوونەکانی، مەبەستیشیان لەوە تەنها دونیا بووە.

بەشێکی تر لەو خەڵکانەی فەرموودەیان هەڵبەستوە چیرۆك بێژەکانن ئەوانـەی

بۆ ڕەواجدان بەچیرۆکەکانیان فەرموودەیان هەڵبەستیووە.

بەهەرحاڵ گێرانەوەی فەرموودەی هەڵبەستراو حەرامە، مەگەر تەنها بۆ حاڵی کردن لە فەرموودەی هەڵبەستراو ئاماژەیان پێبکرێ.

هەروەکو ئمام (النووي) دەفەرموێ: (يَحْرُمُ رِوَايَةُ الْحَدِيثِ الْمَوْضُوعِ عَلَى مَنْ عَرَفَ كَوْنَهُ مَوْضُوعًا أَوْ غَلَبَ عَلَى ظَنِّهِ وَضْعُهُ فَمَنْ رَوَى حَدِيثًا عَلِمَ أَوْ ظَنَّ وَضْعَهُ وَلَمْ يُبَيِّنْ حَالَ رِوَايَتِهِ وَضْعَهُ فَهُوَ دَاخِلٌ فِي هَذَا الْوَعِيدِ مُنْدَرِجٌ فِي جُمْلَةِ الْكَاذِبِينَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَيَدُلُّ عَلَيْهِ أَيْضًا الْحَدِيثُ السَّابِقُ مَنْ حَدَّثَ عَنِّي بِحَدِيثٍ يُرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبِينَ) [(١)].

ناوی چەند کتێبێك لە سەر فەرموودەی هەڵبەستراو (الأحاديث الموضوعة):

١ـ سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة، محمد ناصر الدين الألباني.

٢ـ الموضوعات من الأحاديث المرفوعات، ئیمام إبن الجوزي.

٣ـ تنزيه الشريعة المرفوعة عن الأحاديث الشنيعة الموضوعة، علي بن عرّاق الكناني.

٤ـ اللآلئ المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، جلال الدين السيوطي.

٥ـ النافلة في الأحاديث الضعيفة والباطلة، أبو إسحاق الحويني.

---

(١) (شرح النووي على مسلم ١/ ٧١).

خوای پەروەردگار پاداشتی زانایانی ئوممەت بداتەوە بۆ پاراستنی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ).

**وقَدْ أتَتْ كالَجوْهَرِ المكْنُونِ ** سَمَّيْتُهَا: مَنْظُومَةَ البَيْقُوني**

واتە ئەو هۆنراوەیە وەکو (دوڕێکە لەنێو سەدەفە) دەستی پێنەکەوتووە ناوم ناوە هۆنراوەی بەیقونیە.

**فَوْقَ الثَّلاثِيَن بأرْبَعِ أتَتْ ** أقْسامُهَا ثمَّ بخيرِ خُتِمَتْ**

واتە ئەو هۆنراوەیە ٣٤ بەیتە شیعر بەخێر تەواو بوو.

ڕەحمەتی خوای گەورە لە ئیمام بەیقونی.

ئێمەش دەڵێین:

﴿رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ١٢٧﴾ البقرة: ١٢٧

﴿سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ١٨٠ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ١٨١ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ١٨٢﴾ الصافات: ١٨٠ - ١٨٢

# مَتنُ المَنْظُومَة البَيْقُونِيّةَ

١-بَـــدَأُ بِالْحَمْــــدِ مُصَــــلِّياً عَلَـــى مُحَمَّـــدٍ خَيْــرِ نَبِـــيٍّ أُرْسِـــلا

٢- وَذِي مِـن أَقْسـامِ الْحَـدِيثِ عِـدَّه وَكُـــلُّ وَاحِـــدٍ أَتَـــى وَحَـــدَّه

٣- أَوَّلُها (الصَّـحِيحُ) وَهْـوَ مَـا اتَّصَـلْ إِسْـــنادُهُ وَلَـــمْ يَشِـــذَّ أَوْ يُعَـــلْ

٤- يَرْوِيـهِ عَـدْلٌ ضَـابِطٌ عَـنْ مِثْلِـهِ مُعْتَمَـــدٌ فـــي ضَـــبْطِهِ وَنَقْلِـــه

٥- وَ(الْحَسَنُ) الْمَعْرُوفُ طُرْقَاً وَغدَتْ رِجَالُـهُ لا كالصَّـحِيحِ اشْـتَهَرَتْ

٦- وَكُلُّ ما عَـنْ رُتْبَـةِ الْحُسْـنِ قَصُـرْ فَهْوَ (الضَّعِيفُ) وَهْـوَ أَقْسـامٌ كُثـرْ

٧- وَمَـا أُضِـيفَ لِلنَّبِـي (الْمَرْفُـوعُ) وَمَـا لِتَـابِعٍ هُـوَ (الْمَقْطُـوعُ)

٨- وَ(الْمُسْـنَدُ) الْمُتَّصِـلُ الإِسْـنادُ مِـنْ رَاوِيهِ حَتَّـى الْمُصْـطَفَى وَلَـمْ يَبِنْ

٩- وَمَـا بِسَـمْعِ كُـلِّ رَاوٍ يَتَّصِـلْ إِسْنادُهُ لِلْمُصْطَفَى فَ (الْمُتَّصِلْ)

١٠- (مُسَلْسَلٌ) قُلْ مَا عَلَى وَصْفٍ أَتَـىَ مِثْـلُ أَمَـا وَاللـهِ أَنْبَـانِي الْفَتـىَ

١١- كَـذَاكَ قَـدْ حَدَّثَنِيـه قَائِمَـا أَوْ بَعْـدَ أَنْ حَـدَّثَنِيَ تَبَسَّـما

١٢- (عَزِيـزٌ) مَـرْوِى اثْنَـيْنِ أَوْ ثَلاثـة (مَشْـهُورٌ) مَـرْوِى فَـوْقَ مَـا ثَلاثـة

١٣- (مُعَـنْعَنٌ) كَعَـنْ سَـعِيدٍ أَوْ كَـرَم وَ(مُـبْهَمٌ) مـا فِيـه راوٍ لَـمْ يُسَـم

١٤- وَكُـلُّ مَـا قَلَّـتْ رِجالُـه عَـلا وَضِـدُّهُ ذَاكَ الـذِي قَـدْ نـزَلا

١٥- وَمَـا أَضَـفْتَهُ إِلَـى الأَصْـحابِ مِـنْ قَوْلٍ وَفِعْلٍ فَهْـوَ (مَوْقُـوفٍ) زُكِـنْ

١٦- وَ(مُرْسَـلٌ) مِنْـهُ الصَّـحَابِيّ سَـقَط وَقُلْ (غَرِيـبٌ) مَـا رَوَى رَاوٍ فَقَـط

١٧- وَكُـلُ مـا لـم يَتَّصِـلْ بِحَـالِ إِسْـنادُه (مُنْقَطِـعُ) الأَوْصَـالِ

١٨- وَ (المُعْضَلُ) السَّـاقِطُ مِنْـهُ اثْنـانِ وَمـــا أَتَـــى (مُدَلســـاً) نَوْعـــانِ

١٩- الأوَّلُ الإسْـــقاطُ لِلشَّـــيخِ وَأَنْ يَنْقُـــلَ عَمَّـــنْ فَوْقَـــهُ بِعَـــنْ وَأَنْ

٢٠- وَالثَّـانِي لا يُسْـقِطُهُ لَكِـنْ يَصِـفْ أَوْصـــافُهُ بمـــا بِـــه لا يَنْعَـــرِفْ

٢١- وَمـــا يُخَـــالِفُ ثِقَـــةٌ فِيـــه المَـــلا فَ(الشَّاذُّ) وَ(المَقْلُوبُ) قِسْمَانِ تَلا

٢٢- إبْـــدالُ رَاوٍ مَـــا بِـــراوٍ قِســـمُ وَقَلْـــبُ إِسْـــنادٍ لمَـــتْنٍ قِســـمُ

٢٣- وَ(الفَـــرْدُ) مـــا قَيَّدتَـــه بِثِقَـــة أَوْ جَمْـعٍ أَوْ قَصْـرٍ عَلَـى رِوايـة

٢٤- وَمَـــا بِعِلَّـــةٍ غُمُـــوضٍ أَوْ خَفـــا (مُعَلَّـــلٌ) عِنْـــدَهُم قَـــدْ عُرِفـــا

٢٥- وَذُو اخْـــتِلافِ سَـــندٍ أَوْ مَـــتنِ (مَضْـــطَرِبٌ) عِنْـــدَ أُهَيْـــلِ الفَـــنِّ

٢٦- وَ(الْمُدْرَجَاتُ) في الحَدِيثِ ما أَتَتْ مِنْ بَعْضِ أَلْفـاظِ الـرّوَاةِ اتَّصَلتْ

٢٧- وَمَـا رَوَى كُـلُّ قَـرِينٍ عَـن أَخِـهِ (مَـدَبَّجٌ) فَاعْرِفْـهُ حَقَّـاً وَانْتَخِـهِ

٢٨- مُتَّفِـقٌ لَفْظَـاً وَخَطَّـاً (مُتَّفِـق) وَضِـدُّهُ فِيمَـا ذَكَرْنَـا (الْمُفْتَـرِق)

٢٩- (مُؤْتَلِـفٌ) مُتَّفِـقُ الخَــطِّ فَقَــط وَضِدُّهُ (مُخْتَلِفٌ) فَـاخْشَ الغَلَـط

٣٠- وَ(الْمُنْكَـرُ) الْفَـرْدُ بِـه رَاوٍ غَـدَا تَعْدِيلُـــه لا يَحْمِـــلُ التَّفـــرُّدا

٣١- (مَتْرُوكُـه) مَـا وَاحِـدٌ بِـه انْفَـرَد وَأَجْمَعُـوا لِضَـعْفِه فَهْـوَ كَـرَد

٣٢- وَالْكَـذِبُ الْمُخْتَلَـقُ الْمَصْـنوعُ عَلَـى النَّبِـي فَـذَلِكَ (الْمَوْضُـوعُ)

٣٣- وَقَـدْ أَتَـتْ كَـالْجَوْهَرِ الْمَكْنُـونِ سَـــمَّيْتُها: مَنْظُومَـــة الْبَيْقُـــوني

٣٤- فَـــوْقَ الثَّلاثِـــينَ بِـــأَرْبَعٍ أَتَـــتْ أَقْسَـــامُها ثُـــمَّ بِخَيْـــرٍ خُتِمَـــتْ

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

١- تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي / أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى (المتوفى: ١٣٥٣هـ).

٢- نُزْهَةُ النَّظَرِ فِي تَوضِيحِ نُخْبَةِ الْفِكَرِ فِي مُصْطَلَحِ أَهْلِ الأَثَرِ/ أحمد بن علي بن محمد بن حجر العسقلاني (٧٧٣ - ٨٥٢ هـ).

٣- التقريرات السنية شرح المنظومة البيقونية/ حسن محمد المشاط.

٤- قواعد التحديث في فنون مصطلح الحديث/ محمد جمال الدين القاسمي.

٥- تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي/ عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي.

٦- شرح نخبة الفكر/ ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي.

٧- حاشية الشيخ عطية الاجهوري على شرح الشيخ محمد بن عبدالباقي الزرقاني.

٨- علوم الحديث/ المشهور بمقدمة ابن الصلاح.

٩- الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث/ الامام ابن كثير.

١٠- الارشاد في معرفة علماء الحديث/ الامام الحافظ الخليل بن عبدالله الخليلي القزويني.

١١- النكت الوفية بما في شرح الالفية/برهان الدين البقاعي.

١٢- حاشية الاجهوري على شرح نخبة الفكر.

١٣- فتح المغيث بشرح الفية الحديث للعراقي/الامام شمس الدين أبو الخير

محمد بن عبد الرحمن بن محمد بـن أبـي بكـر بـن عثمـان بـن محمـد السخاوي.

١٤- وضيح الأفكار لمعاني تنقيح الأنظار/ محمد بن إسماعيل بن صـلاح بـن محمد الحسني، الكحلاني ثم الصنعاني.

١٥- سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة/ أبو عبـد الـرحمن محمـد ناصـر الـدين، بـن الحـاج نـوح بـن نجـاتي بـن آدم، الأشقودري الألباني.

ئەوانەو چەند سەرچاوەیەکی تر کە لەشوێنی خۆی ئاماژەمان پێکردووە.